نێچیرڤان بارزانی بەشداریی لە هەشتەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر دەکات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات


ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5857) یەک شەممە 27ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا دەکات

جەخت لە پابەندبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پشتیوانیکردن لە هەرێمی کوردستان کرایەوە



دوێنێ شەممە 2019/10/26 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ڕۆبێرت وایت فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا کرد.

لە دیدارەکەدا کە ستیڤن فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەی بوو .گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە کرا. شاندی میوان ستایشی قوربانیدانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کرد و جەخت لە پابەندبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرایەوە بۆ پشتیوانیکردن لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش کە لە چەند ناوچەیەکی عێراق، خەریکی خۆڕێکخستنەوەن و هەڕەشەیەکی جیددین بۆ سەر خەڵک.



ڕۆژی هەینی 2019/10/25 هەشتەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر بە بەشداریی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەولێر بەڕێوەچوو. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی گەیشتە هێڵی کۆتایی ماراسۆنەکە، لەبارەی بەشداریکردنی لە ماراسۆنەکەی ئەمساڵ ڕایگەیاند: کاتێک دڕووشمی ماراسۆنەکەم بینی باس لە پاک و خاوێنی ژینگە دەکات، زۆر پێمخۆشبوو بەشداربم، لەبەر ئەوەی بە نیسبەت ئێمەوە لە هەرێمی کوردستان پرسی پاکڕاگرتنی ژینگە شتێکی یەکجار گرنگە. نێچیرڤان بارزانی، هیواشی خواست ئەم ماراسۆنەی ئەمڕۆ "ببێتە دەستپێکردنێک بۆ هەموو هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە زۆر جیدیتر لە جاران ببر لە پاک و خاوێنی ژینگە بکەنەوە کە بۆ هەموو تاکێک ئەمڕۆ بووەتە جێگەی باس. ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان بێبەش نین لەوە هەر ئەمەش وایکرد ئەمڕۆ من بڕیاری ئەوەبدەم بەشداربم لەو ماراسۆنە، هیوادارم ئەمە دەستپێکێک بێت لەڕووی پەروەردەییەوە بۆ هەرێمی کوردستان و خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ پاکڕاگرتنی ژینگە لەو وڵاتە".

فەرماندەیەکی پێشمەرگە:

شانە نوستووەکانی داعش لە کەرکووک وەخۆ کەوتوونەتەوە

فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووک/ پردێ دەڵێت، شانە نوستووەکانی کەرکووک وەخۆ کەوتوونەتەوە و دەستیان بە جموجۆڵ کردووە و مەترسی هەیە شانە نوستووەکان و ئەوانەی شاخ و ئەوانەی ڕایان کردووە یەک بگرن، ئەوکات دەبنە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کەرکووک.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

باجی کوردبوون

نووسەری لوبنانی فادی عاکوم نووسیویەتی:

لەو سەردەمە ترسناک و تۆقێنەرە سیاسی و سەربازییە، زەحمەتە مرۆڤ بیت، لەوەش زەحمەت تر ئەوەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیت، لەهەر هەموو ئەوانەش زەحمەت تر و سەخت تر ئەوەیە تۆ کورد بیت.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

خۆپیشاندان و دەستوور

سەلام عەبدوڵلا

دوا بە دوای ڕوخانی ڕژێم لە بەغدا، گەلانی عێراق بە هیوایەکی زۆر دەیانڕوانییە دەسەڵاتی نوێ، بەتایبەتی کە سەراپای خەڵکی عێراق مێژوویەکی زۆر تاڵیان لە ماوەی 35 ساڵەی حوکمڕانی بەعسدا، کە کورد لەو نەهامەتیانە پشکی شێری بەرکەوتبوو گوزەراند بوو، بۆیە چاوەڕوانی گۆڕانێکی ئەوتۆیان لە ڕژێمی نوێ دەکرد کە ئەمن و ئاسایش و بژێوی ژیان و خۆشگوزەرانیان بۆ دەستەبەر بکات و سیستەمێکی دیموکراتی مرۆڤدۆستانە دابمەزرێنێ کە تێکڕای خەڵکی عێراق بە پێکهاتە جیاوازەکانییەوە ژیانێکی ئاسوودەو کامەران لە سێبەریدا بەسەربەرن، بەڵام وا شانزە ساڵ بەسەر ئەو مێژووییەدا تێپەڕی و بارودۆخی وڵات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپ و خراپتر دەبێت بە ئاستێک کە خودی عێراق یەکێکە لە هەرە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان و قەرزاری حکوومەت- لەگەڵ دەستکەوتی زەبەلاحی نەوت- گەیشتۆتە (140) ملیار دۆلار کە سەلێنەری ڕادەی بێ وێنەی گەندەڵی و بەهەدەردانی ئەو سامان و دەستکەوتە زۆرانەیە کە خودی خەڵکی عێراق بەکجار گرنگە. نێچیرڤان بارزانی، هیواشی خواست ئەم ماراسۆنەی ئەمڕۆ "ببێتە دەستپێکردنێک بۆ هەموو هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە زۆر جیدیتر لە جاران ببر لە پاک و خاوێنی ژینگە بکەنەوە کە بۆ هەموو تاکێک ئەمڕۆ بووەتە جێگەی باس. ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان بێبەش نین لەوە هەر ئەمەش وایکرد ئەمڕۆ من بڕیاری ئەوەبدەم بەشداربم لەو ماراسۆنە، هیوادارم ئەمە دەستپێکێک بێت لەڕووی پەروەردەییەوە بۆ هەرێمی کوردستان و خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ پاکڕاگرتنی ژینگە لەو وڵاتە".

بۆیە زۆر ئاساییە خەڵکی ناڕازی ئەم وڵاتە بڕژێنە سەر شەقام و کۆڵانەکانی پایتەخت و زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی خواروو و ناوەڕاست و داوای لەناوبردنی گەندەڵی و بەڕپرسانی مشەخۆرو بە هەدەردانی سامان و سەروەتی وڵات بکەن.

بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە ئەمە لەکاتێکدا ڕووەداو بەوشێوە ترسناکە پەرە دەسێنێ کە حکوومەتی نوێ تازەکی دەست بەکار بووەو دەتوانرێ بوترێت کە لە هەموو حکوومەتەکانی پێش خۆی تا ئەندازەیەکی زۆر باشترو کارامەتر بووەو شەخسی سەرۆکوەزیرانیش لە هەموو ئەوانەی پێش خۆی هەڵوێستی بەرامبەر خەڵک و بەرامبەر هەرێمی کوردستان نەرمترو میانڕەوترو واقیعبینانەتر بووە، کەچی خۆپیشاندانەکان بەرامبەر حکوومەتەکانی پێشووتر هەرگیز وا توند نەبوو کە ئەمەش بۆ خۆی مایەی تێڕامانە.

بەڵام ئەوەی کە زیاتر لەم خۆپیشاندانانەدا جێی سەرنجە کە خۆپیشاندەران داوای گۆڕینی دەستووری وڵاتیش دەکەن کە ئەوە نە کاری خۆپیشاندەرانەو نە سوودیش بەوان دەگەیەنێ. خۆ لە بڕگەکانی دەستووردا هیچ خاڵ و بەندێکی تێدا نییە بۆ نموونە، کە ئەوانەی خوێندن تەواو دەکەن، دانەمەزرێن و خەستەخانەو قوتابخانە نەکرێتەوەو حکوومەت خزمەتگوزارییە گشتییەکان پێشکەش نەکات؟ ئەمە لەکاتێکدا خودی دانیشتوانی عێراق بەڕێژەی 85% دەنگیان بەو دەستوورەی ئێستادا داوە!

بۆیە پێدەچێت ئەمە بەلاڕێدابردنی هاوڵاتیبانی ڕاپەڕیو بێت کە داخوازییە ڕەواکانی خۆی لەبیر بکاو ئەجیندای لاو لایەنی تر جێبەجێ بکات و خۆشی دوای ئەو هەموو قوربانییە بەدەستبەتاڵی لێی دەرچێت.

عێراق.. لە خۆپیشاندانەکانی بەغدا و شارەکانی دیکە دەیان کەس بوونە قوربانی



ڕۆژی هەینی جارێکی دیکە خۆپیشاندانی ناڕەزایی لە بەغدای پایتەخت و چەند شارێکی دیکەی عێراق دەستپێکردەوە و خۆپیشاندەران داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت و چاکسازییان لە سیستەمی سیاسی دەکرد. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

دووەم ساڵیادی هەرسێ داستانی سحێلا و مەحموودییە و تەلسقوف

داستانی سحێلا و مەحموودییە و تەلسقوف

ڕۆژی خۆ نەچەماندن و گەڕاندنەوەی شکۆمەندی گەلێک بوو



(زیاتر لە ل9 بخوێنەوە)





پرسەنامەی سەرۆک بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی عەبدولحەمید دەرویش

بەبۆنەی کۆچی دوایی عەبدولحەمید حاجی دەرویش، سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کوردی لە سووریا، سەرۆک بارزانی رۆژی پێنجشەمە 2019/10/24 پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادە و هاوخەبات و هەڤالانی کۆچکردوو کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بۆ خانەوادەی بەڕێزی عەبدولحەمید حاجی دەرویش

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی عەبدولحەمید حاجی دەرویش، سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کوردی لە سووریامان پێ گەیشت. لەم بۆنە خەمناکەدا، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە و تەواوی هاوخەبات و هەڤالانی خوالێخۆشبوو دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم.

لە خوای گەورە دەپارێمەوە گیانی کاک عەبدولحەمید بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و دڵنەوایی هەموولایەک بدات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەسعود بارزانی
24ـی 10ی 2019

پەیاما بەهیداریێ یا سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ ژبۆ کۆچا داویێ یا حەمید حاجی دەرویش

ژبۆ کۆچا داویێ یا خودێ ژێ ڕازی حەمید حاجی دەرویش، سەکرەتەرێ پارتییا دەمۆکراتا پێشڤەڕۆیا کورد ل سووریا، بەهیداری و سەرساخیێ ل مالبات و کەسوکار و دۆست هەڤالێن وی دکەم، هەڤپار و هەڤخەمێ وانم.

خودێ ژێ ڕازی حەمید حاجی دەرویش، ژیانا خوە ژبۆ خزمەتا گەلێ خوە دەرباز کر و د ڤێ ڕێدە گەلەک زۆر و زەحمەتی کشاندن. خودایێ مەزن جانێ وی ب دلۆڤانی و بەهەشتا خوە شا بکە و سەبر و هەدارێ بدە مالباتا وی.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ
2019/10/24

پارتی سەرەخۆشی لە پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریا دەکات

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریا کرد بە بۆنەی کۆچی دواییی تێکۆشەر، حەمید دەرویش، ئەمیندارێ گشتیی پارتەکەوە. ئەمەش دەقی پرسەنامەیە:

بۆ بەڕێز: مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کوردی لە سووریا
سلاوێکی شۆڕشگێرانە

بە بۆنەی کۆچی دواییی تێکۆشەر، حەمید دەرویش، ئەمیندارێ گشتیی پارتەکەتان، کە تێکۆشەرێکی ناسراو و کەسایەتییەکی دیار بوو لەسەر ئاستی پارچەکانی کوردستان، بۆیە کۆچی دواییی ئەم تێکۆشەرە زیانێکی گەورە بوو، نەک هەر بۆ پارتەکەتان و گەلی کوردمان لە سووریا، بەڵکو بۆ هەموومان. بۆیە پرسە و سەرەخۆشیی گەرمی خۆمان ئاراستەی سەرکردایەتیی پارتی و کادیر و ئەندامانی دەکەین و لە ڕێگەی ئێوەشەوە بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبوو.

خودای گەورە بە بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بەهەشتی بەرین جێگای بێت.

مەکتەبی سیاسیی
پارتی دیموکراتی کوردستان

مەسرور بارزانی سەرەخۆشی لە وەزیری پلاندانان دەکات

دوێنێ شەمە 2019/10/26 مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی کۆچی دوایی خەزووری دکتۆر دارا ڕەشید، وەزیری پلاندانان پرسەنامەیەکی بلاوکردەوە. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بۆ بەڕێز د. دارا ڕەشید وەزیری پلاندانان

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک غازی یونس عوزێریی خەزووری بەڕێزتانم بیست. پرسە و سەرەخۆشیتان لێدەکەم و هیوادارم خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە ئێوە و کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/10/26

سەرۆکی ئەمەریکا هۆشداری دەدات بە تورکیا ئاگربەستەکە پێشێل نەکات

دەنگی ئەمەریکا/ سەرۆکی ئەمەریکا هوشداری دا بە تورکیا ئەو ئاگربەستە پێشێل نەکات کە لە باکووری ڕۆژهەلاتی سووریا جێگیربووە، دەشڵێت ئەگەر نا ئەوا سزا تونەدەکانی بەسەر تورکیا دەسەپێنێت. ترامپ ڕۆژی هەینی لە تویتەرەکەی نووسیویەتی: تورکیا بە تەواوی تێدەگات کە نابێت تەقە لە کوردەکان بکات لەو کاتەی ئەو ناوچەیەی بە ئارام ناودێر دەکرێت جێدەهێڵن و بەرەو ناوچەی دیکەی نزیک دەڕۆن. نامەوێت سزا زۆرەکانم لە بەرامبەر پێشێلکارییەکان دووبارە بکەمەوە. دۆخەکە بە باشی دەڕوات! داعش لە لایەن کوردەکانەوە پارێزراون "لە نێو زیندان و کەمپەکان" و لەگەڵ ئەوە تورکیاش بۆ ئەم کارە ئامادەیە ئەگەر پێویست بوو. لەوەتای مانگی یازدەی ساڵی 2016وە ئەمەریکا ترلیۆنەها دۆلار دەستکەوتی هەبووە. هەموو ئەوانەی دیکە ڕوویان لە لێژی کردووە. هێزمان لە ئابورییدایە بەر لەوەی ناچاربین لەشکرەکەمان بەکاربهێنین کە سەرلەنوێ بنیادنراوەتەوە، ئەلتەرناتیڤێکی زۆر باشترە. نەوت پارێزراوە. سەربازانمان ڕێبشتن و سووریا جێدەهێڵن بەرەو ناوچەی دیکە دەڕۆن، پاشان دەگەڕێنەوە وڵات! دەبوایە بۆ 30 ڕۆژ لەوێ بووینایە، ئەوە پێش 10 ساڵ لەمەوبەر. کاتێک ئەو گەمژە ڕەخنەگرانەی 20 ساڵە ڕۆژهەلاتیان بە هەڵە داناوە، دەپرسن چ دەستکەوتێکمان لەم سەودایە هەبووە، بە سانایی دەڵێم، نەوت، سەربازەکانمان دەهێنینەوە وڵات، داعشەکان پارێزراون "لە نێو زیندان و کەمپەکان!".



بەسەرپەرشتیی هێمن هەورامی کۆبوونەوەی فراوانی فراکسیۆنەکان بەڕێوەچوو

سەرۆکایەتیی چوار لیژنە تازەکەی پەرلەمان بەسەر فراکسیۆنەکاندا دابەشکرا

بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کاروباری لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان و دابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکان، ڕۆژی 2019/10/24 بەسەرپەرشتیی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئامادەبوونی منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان و سەرۆکی دیوانی پەرلەمان، کۆبوونەوەی فراوانی فراکسیۆنەکان بەڕێوەچوو.

لە کۆبوونەوەکەدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی کرد بەگرنگیی کاری لیژنەکان لەبەدواداچوون و تاووتوێکردنی ئەو پرۆژەیاسایانەی کەئاراستەیان دەکرێت و تیشکی خستەسەر جیاکردنەوەی چەند لیژنەیەک لەیەکتری و پێکهێنانی چوار لیژنەی دیکە کە لەکۆبوونەوەی پێشووتری پەرلەمان بەدەنگدان یەکلاییکرانەوە، هەروەها شێواز و میکانیزمی دابەشکردنی ئەو لیژنانەی بەسەر فراکسیۆنەکان بەگوێرەی بەرکەوتەی هەڵبژاردن و ڕێککەوتنی فراکسیۆنەکان خستەڕوو کە بەمشێوەیە بوو سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان بۆ فراکسیۆنی پارتی، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە وبەرهێنان بۆ فراکسیۆنی یەکێتی، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ بۆ فراکسیۆنی گۆڕان و سەرۆکی لیژنەی کاروباری پەرلەمان بۆ فراکسیۆنی یەکگرتوو.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لاریی نییە لەهەر جۆرە ڕێککەوتن و سازانێک کە لەنێوان فراکسیۆنەکان لەسەر کۆی گشتیی لیژنەکان بێتە ئاراوە. داواشی لە فراکسیۆنەکان کرد پەلە بکەن بۆ کۆبوونەوەیەکی فراوانی سەرجەم فراکسیۆنەکان بۆئەوەی ناوی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی هەر چوار لیژنە نوێیەکە بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی لە دانیشتنێکی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێت و لیژنەکان دەستبەکار بن.

پەرلەمانتارێکی پێشووی گۆڕان:

هیچ سەرۆک وەزیرانێک وەک عادل عەبدولمەهدی گونجاو نەبووە

پەرلەمانتارێکی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، حەیدەر عەبادی یارییەکی ترسناک دەکات و عادل عەبدولمەهدی بۆ کورد سەرۆک وەزیرانێکی باشە و بە درێژایی میژووی عێراق کەسی ئاوا باش و گونجاو نەهاتووەتە دەسەڵاتەوە. سەردار عەبدولا، پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان بە باسنیوزی ڕاگەیاند: عێراق وڵاتێکی وێرانەیە، بۆیە هاووڵاتیانی بەغدا دژی نەبوونی خزمەتگوزاری خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی ئەنجام دەدەن، بەڵام لە دەرەوەی خۆپیشاندانی هەووڵاتییان کۆمەڵێک کەسی دەروبەری و ناوخۆیی و دەرەکی هەن هەوڵ دەدەن



سواری شەپۆلی ناڕەزایی هاووڵاتیان بن و ئامانجەکانی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، ڕەوتی سەدر زۆر خراپ مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانە دەکات، چونکە دەیەوێت باکگراوندە ئۆپۆزسیۆنەکەی بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ململانێی پێ بکات و هەڵبژاردنی پێ ببات‌ەوە. گوتیشی: یەکێک لەوانەی کە یارییەکی زۆر ترسناک دەکات، خودی حەیدەر عەبادی بووە، من هەمیشە گوتوومە عەبادی خراپترین سەرۆک وەزیرانی عێراق بووە بەڵام ئەوەی ڕوونە سااڵنێکی زۆرە نە مەرجەعییە و نە ئێران نایانەوێت دەستبەرداری د. عادل عەبدولمەهدی بن، مەگەر دۆخەکە بەو ئاڕاستەیەدا بڕوات کە دۆخی عێراق بکەوێتە مەترسییەکی گەورەوە، بۆیە ڕەنگە ئەوکاتە هەندێک قوربانی بۆ عادل عەبدولمەهدی بدەن.

ئاماژەی بەوەش دا: د. عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانێکی باشە بۆ کورد لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵەوە تاکوو ئێستا هیچ سەرۆک وەزیرانێکی گونجاو وەکوو عادل عەبدولمەهدی بۆ کورد نەهاتووەتە دەسەڵاتەوە.

سەردار عەبدولا، باسی لەوەش کرد: عێراق نوقمە لە گەندەڵی و شکستی سیاسی و کۆمەڵێک دەزگای هەواڵگری لەناو عێراقدا هەن ئێستا فەوزایەکی ترسناک لەناو عێراقدا بەڕێوە دەچێت، هەروەها عێراق گۆڕەپانێکی فراوانە بۆ هەموو ئەگەرێکی باش و خراپ، بەتایبەتی لایەنە خراپەکەی.

جۆن کێری بۆ CNN:

تەرەمپ خیانەتی لە کوردی هاوپەیمانمان کرد



ڕووداو/ وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمەریکا ڕەخنەی تووندی لە دۆنالد تەرەمپ گرت و ڕایگەیاند، سەرۆکی ئەمەریکا بەو بڕیارەی دوو هەفتە پێش ئێستای خیانەتی لە کورد کرد. جۆن کێری لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەنالی سی ئێن ئێن گوتی، کورد هاوپەیمانێکی سەرەکی ئەمەریکا بووە و لە شەڕی دژی داعش و کۆنترۆڵکردنی سنووری نێوان سووریا و تورکیادا ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا و ئاماژەی بەوەشکرد، کۆنترۆڵکردنی سنووری بۆ ئەوەی ڕێگری لە چوونی جیهادی زیاتر بۆ ناو سووریا بگیرێت کارێک بوو تورکیا ئامادە نەبوو بیکات. جۆن کێری ئاماژە بەوە دەکات، ئەوەی سەرۆکی ئەمەریکا بەرامبەر کورد کردی خیانەتێکی گەورە بوو. وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمەریکا ڕاشیگەیاند، سەرۆک تەرەمپ بەو کارەی کە کردی ڕێگەی بە سەرۆککۆماری تورکیا دا ئەوەی کە داوای دەکرد بەدەستیبهێنێت.

جۆن کێری گوتیشی، زیانەکە ئەو کاتە دەستپێکرد کە سەرۆک تەرەمپ تویتی کرد و ڕایگەیاند، سوپای وڵاتەکەی دەکشێنێتەوە و بەو کارەشی پێگەی ئەمەریکای لاوازکرد لەو هەوڵە بەردەوامانەی کە دەیدا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا بەشێوەیەکی ئاشتیانە. جێی باسە لەدوای ڕاگەیاندنی کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریا، تورکیا لە 2019/10/9 هێرشیکردەسەر ڕۆژئاوای کوردستان، ئەو بڕیارەی تەرەمپ لە ناوخۆی ئەمەریکا ڕەخنەی تووندی لێگیرا و بە خیانەت وەسفی دەکەن.

خەڵکی کەرکووک هیچ متمانەیەکیان بە هێزە عێراقییەکان نییە

فەرماندەیەکی پێشمەرگە: شانە نوستووەکانی داعش لە کەرکووک وەخۆ کەوتوونەتەوە



فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووک/ پێردێ دەڵێت، شانە نوستووەکانی کەرکووک وەخۆ کەوتوونەتەوە و دەستیان بە جموجۆڵ کردووە و مەترسی هەیە شانە نوستووەکان و ئەوانەی شاخ و ئەوانەی ڕایان کردووە یەک بگرن، ئەوکات دەبنە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کەرکووک، بۆیە خەڵک هەست بە مەترسی دەکەن و هێزی پێشمەرگەش بە شێوەی کاتی ناگەڕێنەوە، ئەگەر بە شێوەی فەرمی و بۆ مانەوە نەبێت.

فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووک/ پردێ، نووری حەمە عەلی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: خەڵکی کەرکووک لە ترسی سەرهەڵدانەوەی داعش هەست بە ترسێکی گەورە دەکەن و هیچ متمانەیان بە هێزە عێراقییەکان نییە، بەڵام تاوەکو ئێستا زانیاریمان نییە، کە خەڵک لە شاری کەرکووکەوە ڕا بکات.

نووری حەمە عەلی ئەوەشی گوتووە: هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا لە گفتوگۆدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان لەبارەی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. باسی لەوەش کردووە: دوای شەڕی سووریا و ڕاکردنی چەکدارانی داعش لە سووریا، شانە نوستووەکانی داعش لە سنووری کەرکووک وەخۆ کەوتوونەتەوە و جموجۆڵیان زۆر زیادی کردووە و بوونەتە مەترسیی جددی و گەورە بۆ سەر ناوچەی کەرکووک، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەوانەی ڕایان کردووە و ئەوانەی شانەی نوستوون و ئەوانەی لە شاخەکانن، یەک بگرن، بێگومان مەترسیی زۆرە.

حەمە عەلی گوتیشی: ئێمە لە ئامادەباشیی تەواوداین و هەرکاتێک هەرێم و بەغدا گەیشتنە ڕێککەوتن، ئامادەین بۆ گەڕانەوە بۆ کەرکووک، بەڵام بە شێوەیەکی هەمیشەیی، نەک کاتی و بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن و دواتر بگەڕێینەوە بۆ شوێنی خۆمان، بۆیە ئەگەر چوویین بۆ کەرکووک، ناگەڕێینەوە، لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندیی هەرێم و بەغداش نییە.



نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی بەڵژیکا کۆبووە

لە ئایندەیەکی نزیکدا شاندێکی پەرلەمانی ئەو وڵاتە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن



بە سەردانێکی فەرمی بۆ پەرلەمانی بەڵژیکا لە بڕۆکسێل، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان د. دلاوەر خالید ئاژگەیی بە یاوەری شاندێکی نوێنەرایەتی لەلایەن خاتوو ئێلیس ڤان هۆڤ بەرپرسی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی بەڵژیکا پێشوازی لێکرا و دواتر لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کە نوێنەری سەرجەم پارتە بەڵجیکییەکان تێیدا بەشدار بوون، کۆبۆوە.

لە دەستپێکی دانیشتنەکەدا بەرپرسی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە گەرمی بەخێرهاتنی شاندی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کرد و دەرفەتی بە نوێنەری حکوومەت دا تاکو بارودۆخی ناوچەکە و تێڕوانین و داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەندامانی کۆمیتە شی بکاتەوە.

د. دلاوەر خالید ئاژگەیی لە وتەیەکدا بە تێروتەسەلی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و کاریگەری قەیرانەکانی سووریا و عێراق و ناوچەکە و هەڵوێست و تێڕوانینی حکوومەتی هەرێم لە یەکێتیی ئەورووپا بۆ ڕووداوەکان شیکردەوە و بە وردی باسی لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی کرد لەسەر هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئەمنی و ئابووری و سەقامگیری و نیگەرانی هەرێمی کوردستانی گەیاندە پەرلەمانی بەڵژیکا.

پرسی هاتنی پەنابەران بەشێکی تری دانیشتنەکە بوو، لەمبارەیەوە نوێنەری حکوومەتی هەرێم باسی لە هاتنی شەپۆلێکی دیکەی پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستانی کرد و بە پرسێکی گەورە دەکەن و هیچ متمانەیان بە هێزە عێراقییەکان نییە، بەڵام تاوەکو ئێستا زانیاریمان نییە، کە خەڵک لە شاری کەرکووکەوە ڕا بکات.

نووری حەمە عەلی ئەوەشی گوتووە: هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئەمنی و ئابووری و سەقامگیری و نیگەرانی هەرێمی کوردستانی گەیاندە پەرلەمانی بەڵژیکا.

بۆ ئەم مەبەستەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆگرامێکی ئامادەکاری تۆکمە و زانستی ئامادە کردووە. هەر لەمبارەیەوە نوێنەری حکوومەت ئاماژەی بە دوایین بڕیاری پەرلەمانی ئەورووپا دا کە داوا لە وڵاتانی ئەندام و دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەورووپا دەکات هاوکاری زیاتری هەرێمی کوردستان بکەن و لەو چوارچێوەیەشدا گرنگە حکوومەتی بەڵژیکا وەکوو پێشوو هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات.

دروستکردنی گرووپی دۆستانی کوردستان لە پەرلەمانی بەڵژیکا و دروستکردنی پەیوەندی دوولایەنە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان و چەند بابەتێکی دوولایەنە تەوەری تری دانیشتنەکە بوون. لە کۆتایی دانیشتنەکە د. دلاوەر خالید ئاژگەیی وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارانی دایەوە سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەکە. لەلای خۆیەوە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی بەڵژیکا دەستخۆشی لە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان کرد لە دابینکردنی سەقامگیری و ئاسایش و لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە و پەنابەران و بەڵێنی گەیاندنی پەیام و داواکارییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بە حکوومەتی بەڵژیکا دا و بڕیاریاندا کە هاوکاری هەرێمی کوردستان دەبن و کار دەکەن بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیک سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.



فادی عاکوم*

باجی کوردبوون

لەو سەردەمە ترسناک و تۆقێنەرە سیاسی و سەربازییە، زەحمەتە مرۆڤ بیت، لەوەش زەحمەتتر ئەوەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیت، لەهەر هەموو ئەوانەش زەحمەتترو سەختتر ئەوەیە تۆ کورد بیت، چونکە دوای هەڵگرتنی خەمی پاراستنی ناسنامەو زمان و فەرهەنگ و کلتوورت، خەمی ئەرکی بەرگری کردن لە خاک و بەردو مرۆڤەکانیش دەخەیتە کۆڵتەوە.

ئەوەی لە سووریا ڕوویدا، کتێبە میژوویی و بەڵگەنامە ئاشکراو نهێنییەکان، بیرت دەخەنەوە کوردەکان ئیعتیبارو ناسنامە نیمچە لێ دزراوەکەیان بۆخۆیان گەڕاندەوە، میژوو بیرت دەخاتەوە، پێچەوانەی ئەوەی پیلانیان بۆ دارشتبوو، کوردەکان بوون یەکگرتوویی بان بۆ نێتو پێکهاتە جیاکانی سەر خاکی سووریا گەڕاندەوە.

ئەگەر کورد بیت، ئەوا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕیشن و کراس ڕەشەکان، پێویستە لە هێڵی پێشەوەی شەڕدا بیت، تا بەرگری لەو گەلانە بکەیت کە متمانەیان بە تفەنگ و بازوی تۆزە هەیەو بەتۆزە لەمانەوەی خۆیان دڵنیان، ئەگەر کورد بیت، ئەوا قەدەرت بە شەڕەفەوە شەڕکردنە لەدژی ئەو گروپانەی شەرەفی خۆیان فرۆشتووە.

ئەگەر کورد بیت، ناچاری پاڕێزگاری لە دەستکەوتەکانت بکەیت، ئەگەرچی دەستکەوتەکانیشت تەنیا بۆ خۆت نییە، بەڵکو مۆڵکی هەمووانە بێ جیاکاری، ئەگەر کورد بیت بەرپرسیارێتی تۆیە ناوچە ڕزگارکراوەکان لە حەشارگەی ئەو کەرۆیشکە تیرۆریستانە پاک کەیتەوە کە ترسنۆکانە خۆیان تیا شاردۆتەوە.

ئەگەر کورد بیت ناچاری لە هەر کوێیەک بیت ئالای ئازادی بەرزبکەیتەوە، ناچاری قوتابخانە بکەیتەوە، پێش خۆت، نان و ئاو بۆ خەڵکانی دیکە لەگەڵ گەرما بۆ زستان و خەندە بۆ منداڵان دابین بکەیت.

ئەگەر کورد بیت، ئەوا لەلایەن ئەوانەی ڕایان کردو خۆیان خستە باوەشی سولتانی عوسمانی نوێ، خاک و ناموسی خۆیان فرۆشت و بوونە کۆیلەی سولتانی نوێ، ڕۆژانە ڕووبەڕووی لێشاوی ڕەخنە دەبیتەوە، ئەگەر تۆ کوردیت ئەوا لەسەرت پێویستە ڕزگاریان بکەیت و میشکیان پاک کەیتەوە.

ئەگەر کوردیت، پێویستە گوێ بە پەلارو تۆمەتە بێ بنەماکانی ڕەگەزپەرستەکان نەدەیت، هەموومان دەزانین بریندارت دەکات ، چونکە ڕاستییەکان چەواشە دەکەن وێنە ڕاستەقینە جوانەکەت دەشێوێنێ

ئەگەر کوردیت، پێویستە لەگەڵ ئەوانەش دوێنی گوللەیان تێدەگرتیت و ئێستا دەستیان بەرزکردۆتەوە دەزانن تۆ ئازاریان نادەیت، لێبوورده بیت، هەرچەندە تۆ دەزانیت و ئێمەش دەزانین و هەر هەموشیان دەزانن ڕەنگە ئەگەر بۆیان بڵێیت جارێ، دووان، سێ جاری دیکەش دووبارەی بکاتەوە. هێشتا ڕەوشتت ڕێگات پێ نادات، دەست بۆ تاڵەموویێکی پرچیشیان بەریت.

ئەگەر کورد بوویت، کامێراو پێنووس بەدەستتەوە دەگریت و بەسەر کێڵگە بەمین چێنراو دیوارە ئاگرینەکان دەپەڕێتەوە، تا وێنەی ڕاستی ئەوەی لە جیهان ڕووەدات بگوازیتەوە، وێنەکە وەک خۆی بێ دەستکاری و ڕتووش و جوانکاری بەجیهان بگەیەنیت.

– ئەگەر کوردیت.. کەواتە جەنگاوەری
– ئەگەر کوردیت.. تۆ باشترین سوارچاکی
– ئەگەر کوردیت.. تۆ دانەیەکی بێگەردی مرۆڤایەتی
– زۆر جوانە ببیتە کورد.. خۆزیا منیش کورد بوومایە

* تۆژەرێکی لوبنانییە

و: خالید گەردی

پلانێکی نوێ هەیە بۆ جێگرەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان

پەرلەمانتارێک: کورد دژی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا و کەرکووکە



نوێنەرێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، پلانێک هەیە بۆ جێگرەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق و دەشڵێ، کورد دژی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا و کەرکووکن. دیار تەیب، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هەندێ لایەنی سیاسی بابەتی سڕکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقیان بەکارهێناوە بۆ مەبەستی خۆیان و بەتایبەتی کە نزیک دەبینەوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو، کورد بەگشتی دژی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراقە. هەروەها ڕێبوار هادی، سەرۆکی لیژنەی یاساییی پەرلەمانی عێراق، ڕایگەیاندووە: بابەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان زیاتر پرسێکی یاساییە و پێویستە دەسەڵاتی داوەری بڕیاری لەسەر بدات، نەک بە بڕیارێک، چونکە هەڵبژاردنیش بەڕێوەیە و لایەنە سیاسییەکان خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ هەڵبژاردن.

پەرلەمانتارەکەی پارتی دەشڵێت: پلانێک هەیە، کە پەرلەمانتارانی هەر پارێزگایەک شوێنی ئەنجومەنی پارێزگاکەیان بگرنەوە و لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا نوێنەرایەتیی پارێزگاکەیان بکەن، ئەمەش هەنگاوێکی ناتەندروستە.

ڕێبوار هادی جەختی کردەوە: کورد دژی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، بەتایبەتی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکە، کە بە بڕیاری بڕیمەر کار دەکات و ئەگەریش ئەنجومەنەکان هەڵبوەشێندرێنەوە، ئەوە پارێزگای کەرکووک ناگرێتەوە، چونکە بە بڕیاری تایبەت پێک هاتووە و هیچ بڕیارێکی دیکە نایگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە کۆدەنگی هەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و بەبێ چارەسەری گونجاو، کورد ڕازی نابێت بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەنجومەنی پارێزگاکان بدرێت. دەربارەی زیانەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ کورد، دیار تەیب ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: لە کەرکووک و نەینەوا زیانی بۆ کورد هەیە، چونکە هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ ئەوەی کورد تا چەند نوێنەرایەتیی ئەو پارێزگایانە بکات، چونکە پێمان وایە گەندەڵی و وەبەرهێنانی سیاسیی تێدا دەکرێت.

وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
یەک شەممە 2019/10/27 ژمارە (5857)
خەبات

عێراق.. لە خۆپیشاندانەکانی بەغدا و شارەکانی دیکە دەیان کەس بوونە قوربانی

ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان: هێزە ئەمنییەکان بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر مامەڵە لەگەڵ تێکدەران دەکەن

خەڵکی هەڵپەرست چوونەتە ناو خۆپیشاندانەکە و بە لاڕێیاندا بردووە

عامری و خەزعەلی هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە لە ئەمەریکا و ئیسرائیل دەکەن



رۆژی هەینی جارێکی دیکە خۆپیشاندانی ناڕەزایی لە بەغدای پایتەخت و چەند شارێکی دیکەی عێراق دەستپێکردەوە و خۆپیشاندەران داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت و چاکسازییان لە سیستەمی سیاسی دەکرد. سەرچاوەیەکی ئەمنی رایگەیاند، دوای ئەوەی دەیان کەس لە خۆپیشاندەران هێرشیان کردووەتە سەر باڵەخانەی پارێزگای سەماوە، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە توانراوە ئەو کەسانە لە باڵەخانەکە بکرێنە دەرەوە بەبێ هیچ رووبەڕووبوونەوە و قوربانییەک. سەرچاوەکە روونیشی کردەوە کە هێزە ئەمنییەکان ئەرکی پاراستنی خۆپیشاندانەکانیان لە ئەستۆدایە، بەڵام لەهەمانکاتدا رێگا نادەن بەهێرشکردنە سەر موڵک و مااڵی گشتی و تایبەتی.

مامەڵەکردنی توندی هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ خۆپیشاندەران

لەخۆپیشاندانی ئەمجارەدا لایەنی حکوومی و لایەنەکانی تریش هۆشداریان داوە لە ئۆگەری مامەڵەکردنی توندی هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ خۆپیشاندەران، ئەوەش لەپێناو دووبارە نەبوونەوەی رووداوەکانی هەفتەی یەکەمی سەرەتای ئەم مانگە کە بەهۆی بەکارهێنانی هێز و تۆندوتیژی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، 157 کەس کوژران. کەوتنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی قوربانییەکانیش، کاردانەوە و نیگەرانی توندی بەدوای خۆیدا هێنا و حکوومەت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ بەدواداچوونی راستییەکان پێکهێنا. ئێوارەی رۆژی پێنجشەممەش، سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی زنجیرەیەک چاکسازی تری لە ولاتەکەدا راگەیاند بە ئامانجی دامرکاندنەوەی تووڕەیی و نیگەرانی دەنگە ناڕازییەکان لە ولاتدا. لەگرنگترین ئەو چاکسازییانەش: ئەنجامدانی گۆڕانکاری وەزاری دوور لە پشک پشکێنە و لەسەر بنەمای توانا و لێوەشاوەیی، پشتگیری کردن لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری و دامەزراندنی دادگای باڵا بۆ دادگایی کردنی گەندەڵکاران بەشێوەیەکی ئاشکرا، کەمکردنەوەی لەسەدا 50ی موچەی پلە باڵاکان لە حکوومەت و پەرلەمان، دروستکردنی سندووقی بیمەی کۆمەاڵیەتی، بۆ کەمکردنەوەی هەژاری لە ولاتدا، دادگای باڵا بۆ دادگایی کردنی گەندەڵکاران بەشێوەیەکی ئاشکرا، کەمکردنەوەی لەسەدا 50ی موچەی پلە باڵاکان لە حکوومەت و پەرلەمان، دروستکردنی سندووقی بیمەی کۆمەاڵیەتی، بۆ کەمکردنەوەی هەژاری لە ولاتدا، کەمکردنەوەی تێچووی هەموو نووسینگەکانی سەرۆکایەتییەکان، هەروەها جێبەجێکردنی راستەوخۆی یاسای پارتە سیاسییەکان، گرووپە چەکدارەکان نابێت حزبی سیاسییان هەبێت و ئەو گرووپە چەکدارییانەی لەماوەی رابردوو بەهەر هۆکارێک دروستبوون چەکەکانیان فرێ بدەن و ببنە بەشێک لە هێزە ئەمنییەکان.

دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن بۆ تێکدەران

وەزارەتی ناوخۆی عێراق رایگەیاند، فەرمانی دادوەریی بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانە دەرکراوە کە لە میانی خۆپیشاندانەکانی رۆژی هەینییدا، حاڵەتێکی زۆر لە هێرشکردنە سەر باڵەخانەکانی حکوومی، قوتابخانە و گشتی و تایبەت. لەوبارەوە گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، خالید میحەننا لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە لە میانی خۆپیشاندانەکانی رۆژی هەینییدا، حاڵەتێکی زۆر لە هێرشکردنە سەر باڵەخانەکانی حکوومی، قوتابخانە و بارەگای پارتەکان تۆمارکراون. خالید میحەننا باسی لەوەشکردووە، فەرمانی دادوەریی بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانە دەرکراوە کە ئەو هێرشانەیان ئەنجامداوە. گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، خالید میحەننا ئەوەی وەبیرهێناوەتەوە کە ژمارەیەک کەسی تێکدەر خۆپیشاندانە ئاشتییەکانیان قۆستووەتە بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر بارەگا حکوومییەکان لە بەغدا کە ئەوەش جێگەی قبووڵکردن نییە.

خۆپیشاندانەکان گۆڕان بۆ مانگرتن

خۆپیشاندەران لە شاری بەغدا و نۆ شاری ناوەڕاست و باشووری عێراق رایانگەیاند کە خۆپیشاندانیان گۆڕیوە بۆ مانگرتن کراوە تا ئەو کاتەی داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکرێت. لەوبارەیەشەوە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ئاماژەی بەوەکردووە کە ئەو کەسانەی کە یاری بە ئاسایشی هاوواڵتیانەوە دەکەن و هەڕەشە لە رێوشوێنی توند بەرامبەریان دەگرینەبەر و داوا لە خۆپیشاندەرانیش دەکەین، وەک بەڵێن دراوە هێزە ئەمنییەکانیش هەموو هەوڵەکانیان دژبە تیرۆر و تاوانباران دەخەنەگەڕ.

دۆزینەوەی تەرمی 12 کەس بەسووتاوی لە بارەگای لایەنەکان

لە لایەکی دیکەشەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دیوانییەش رایگەیاندووە کە تەرمی 12 کەس بە سووتاوی لەناو باڵەخانەی ئەنجوومەنی پارێزگاکە و بارەگای پارتەکاندا، دەرهێندراون.

بریندارببوونی ئەفسەرێک و حەوت کارمەندی ئەمنی لە بەسرە

وەزارەتی ناوخۆی عێراق رایگەیاند کە لە ئاکامی زنجیرەیەک هێرشی چەکداری بۆسەر هێزەکانی پاراستنی یاسا لە شاری بەسرە، ئەفسەرێک و حەوت کارمەندی ئەمنی برینداربوون. گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، عەمید خالید میحەننا لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە پارێزگای میسان کوژران، لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند: کەسانێک هەن دەیانەوێ عێراق پەلکێشی نێو ئاژاوەبکەن. راشیگەیاند: عێراق ئەمڕۆ لەبەردەم نانەوەی دووبەرەکییەکی گەورەدایە کە ئەمەریکا و ئیسرائیلی لەپشتەوەیە. ئاماژەی بەوەش کردووە کە تۆڵەی خوێنی قوربانیان لە ئەمەریکا و ئیسرائیل دەکەنەوە. هەروەها قەیس خەزعەلی گوتی: خوێنی ئەو قوربانیانەی گیانیان لەدەست دا دەکەوێتە ئەستۆی ئەمەریکا و ئیسرائیل. ناوبراو رایگەیاند: رێگە نادەین ولاتمان بەرەو هەڵدێر ببەن.

بەپێی دوایین زانیاری میدیاکانیش، بەهۆی تۆندوتیژیی سوپا و هێزە ئەمنییەکان دژی خۆپیشاندەرانەوە، 42 خۆپیشاندەر لە شارەکانی بەغدا، کەربەلا، بابل، میسان، زیقار، بەسرە، واست و دیوانییە کوژراون و 2300ی دیکەش بریندار بوون.

تەرمی 12 کەس بەسووتاوی لەناو باڵەخانەی ئەنجوومەنی پارێزگا و بارەگای پارتەکاندا دەرهێندراون

رێکخەرانی خۆپیشاندانەکان لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشوور رێککەوتن لەسەر ئەوەی خۆپیشاندانەکان بگۆڕن بۆ مانگرتنی کراوە

حاڵەتێکی زۆر لە هێرشکردنە سەر باڵەخانە حکوومی، قوتابخانە و بارەگای پارتەکان تۆمارکراون

لە شاری بەسرە، ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس ژمارەیەک خۆپیشاندەر دەشێلێت

خەڵکی دەربێسی لە ترسی دزی و تاڵانی، دانەوێڵە و کاڵاکانیان هەرزانفرۆش دەکەن

بازرگانێکی رۆژئاوای کوردستان: متمانەمان بە چەتە و سوپای تورکیا نییە



رووداو/ بازرگانان و جووتیارانی شارۆچکەی دەربێسی رۆژئاوای کوردستان، لەترسی هێرشی سەربان و دزی و تاڵانی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا دانەوێڵەو کالاکانیان هەرزان فرۆش دەکەن، یاخود دەیگۆڕنەوە بۆ ناوچە ئارامەکانی دیکە.

هێرشی تورکیا کاریگەری هەبووە لەسەر ڕەوشی ئابووری و بازرگانی، وەکو بازرگانان دەڵێن، نرخ و دەستکەوتنی بازرگانە کوردەکان پەلەیانە و ناچارن ئەو نرخە بدەن ئەوان دەیانەوێت.

بازرگانێکی رۆژئاوای کوردستان دەڵێت: ئێمە کەلوپەلی خۆمان بە نیوە نرخ دەفرۆشین، تەنانەت ئەو بارهەڵگرانەش کە کەلوپەلەکانیان بار دەکردین، پێشتر بە 100 هەزار باریان دەکرد، ئەمڕۆ بە 200 هەزار باری دەکەن، چونکە دەزانن ئێمە پێویستمان بە گواستنەوە هەیە. ئێمە ناچارین ئەمڕۆ کەلوپەلی خۆمان بار بکەین، چونکە متمانەمان چەتە و سوپای تورکیا نیە و لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بین، چونکە مالّی ئێمە تاڵان دەکەن و خانوی ئێمە وێران دەکەن.

جێمس جێفری: زۆر نیگەرانین لە هەڵسوکەوتی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا



نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ سووریا، گیێر پیدەرسن، لە شاری جنێڤی سووریا لەگەڵ دیپلۆماتکارانی باڵای هەریەک لە وڵاتەکانی میسر، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئوردن، سعوودیە، بەریتانیا و ئەمەریکا کۆبوونەوەیەکی راوێژکاریی ئەنجامدا. لەدوای ئەو کۆبوونەوەیەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان بە "گرووپی بچووک" ناوی دەبات، گیێر پیدەرسن هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەدا، بەڵام نوێنەری تایبەتیی ئەمەریکا بۆ سووریا، جێمس جێفری، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی ئەنجامدا.

جێمس جێفری باسی لەوەکرد لە کۆبوونەوەکەدا باسیان لە لێکتێگەیشتنەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا، تورکیا و ڕووسیا و کۆبوونەوەکانی لیژنەی دەستووری سووریا کە بڕیارە هەفتەی ئایندە لە ژنێف دەستپێبکات، کردووە. لە وەڵامی پرسیارێک، جێمس جێفری ڕایگەیاند: لە پێکدادانە سەربازییەکاندا تەماشای سەرجەم تۆمەتەکان لەبارەی هەر جۆرە کردەوەیەکی نەگونجاو دەکەین. وەک ئەوەی کە چەند جارێک بە حکوومەتی تورکیام گوتووە، ئێمە زۆر نیگەرانین لە هەڵسوکەوتی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا، کە بە کامێراش تۆمارکراون، تورکیا پشتیوانییان دەکات کە لە دەستپێکی پێکدادانەکاندا کە لەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی M4 و M10 ئەنجامیان داوە.

هەدەپە: سیاسەتەکانی تورکیا لە سووریا شکست دەهێنن

100 ساڵە ستەم لە کورد دەکرێت بەڵام کورد ملکەچی فشار و ستەم نەبووە



K24/ هاوسەرۆکی هەدەپە دەڵێ شکستی تورکیا لە سووریا، دەبێتە هۆکارێک بۆ دەستپێکردنەوەی پێڤاژۆیەکی نوێی چارەسەری. سەزای تەمەللی هاوسەرۆکی هەدەپە ڕایگەیاند بە بێ کورد کێشەکانی سووریا چارەسەرنابن و سیاسەتەکانی تورکیاش لە سووریا شکست دەهێنن. تەمەللی گوتیشی، شکستهێنانی سیاسەتی تورکیا لە سووریا حکوومەتی ئاکپارتی ناچار دەکات دەست بە پێڤاژۆیەکی چارەسەری لە تورکیا بکات.هاوسەرۆکی هەدەپە دەشڵێت 100 ساڵە ستەم لە کورد دەکرێت، بەڵام کورد ملکەچی فشار و ستەم نەبووە. لە لایەکی دیکەوە، پەروین بوڵدان لە دیاربەکر باسی هێرشی تورکیای بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کرد و ڕایگەیاند: ئەگەپە دەڵێت، کورد برای ئێمەن، ئەمە چۆن برایەتییەکە؟ ئەوانەی دەکوژرێن کوردن ئەوانەی دەبنە پەنابەر و ئاوارە هەر کوردن، ئەوانەی زیندانی دەکرێن هەر کوردن ئەوانەی خاکیان داگیر دەکرێت دیسان هەر کوردن.

ژەنەڕاڵی پاییز محەمەد عومەر عوسمان لە تابووتی پاییزدا ڕاکشا

ئەگەر هاتوو بیستت خۆم کوشت بزانە کە نەمتوانیوە شیعرێک بڵێم ئازارمی تیا جێ بێڵتەوە

ساسان دەرویش- هۆڵەندا

لە لای زۆربەی زۆرمان، وەرزی پاییز و ڕووتبوونەوەی دارەکان لە گەڵا و هەڵوەرینیان بۆ سەر خاک بە بەدبەختی و وێنەکردنی کۆچ و مردن و جێهێشتنی ئازیزانمان دەبڕیوە، بە پێچەوانەی هەر هەموومان شاعیر و نووسەر، لە دیدی خۆیەوە محەمەد عومەر عوسمان لە ڕەهەندێکی ترەوە بە ڕوانینێکی دنیادیدەی جوان و ناسکی شاعیرانەی دەڕوانێتە وەرزی پاییز و گەڵا زەرد و وەریوەکانی سەر خاک، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە دیوانە شیعری لە غوربەتا دەبینیتەوە، کە هەر یەک لە کۆپلەکانی دنیایەک لە جوانی ئەو وەرزەی ساڵی پاییز پێناسە دەکات و دەڵێت ئەو ڕەنگەی لەم وەرزەدا دەردەکەون، ڕەنگی ڕاستەقینەی سروشتن، پڕن لە جوڵە و بەرکەوتن، شاعیر هەمیشە ویستوێتی لەم ڕوانگە جوانەی خۆی و تێکستی ژەنەڕاڵی پاییز پێمان بڵێ خۆزگە هەر چوار وەرزی ساڵ پاییز بووان، ئەم دەنگە لەنێوانی ساڵانی هەشتاکاندا وەک شاعیرێکی هاوچەرخ و بوێر بۆ سەردەمی خۆی دەرکەوت لەبندەستی کورد لەژێر ڕژێمێکی زاڵمی دژ بە کورد و کوردستان کە هەموو شت یاساغ بوو، زمان کلۆمدراو بوو لە نیشتمانێکی نامۆدا واتە لە غوربەتا، شیعرەکانی کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر گەنجاون و لاوانی شارەکەدا، لەوکاتەدا لە دوای لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی لە غوربەتا کە ناميلکەیەکی بچووکی بەرباخەڵ بوو چاپی یەکەمی، لەنێو قوتابیان و گەنجاندا دەستاودەستی دەکرد و چێژی دەبەخشییە ئازارەکانی ئەو زەمەنە پڕ لە خەمە، کە خۆی کارەکتەری بوو لە سیما و دڵی پڕ لە وشەی سەوز و پاراو بۆ پاییز و مرۆڤایەتی ئەشکی دەڕشت ، هەر لەو زەمەنە پڕ جەنجاڵەدا ، ڕەشبینی یەکێکە لە دیارترین چەمکەکانی شیعری هاوچەرخ، ئەم چەمکەش زۆر بەڕوون و ئاشکرا لە شیعرەکانی محەمەد عومەر عوسمان شاعیری هاوچەرخی کورد ڕەنگدانەوەی هەبوو دیارە لەژێر لایەنی دەروونی و ئەو بارودۆخەی ئەوکاتەی نیشتمان و کۆمەڵگەمان و خەفەکردنی ئارەزووە تایبەتییەکان و سەربەستی و ئازادی و دابڕان و تەنیایی و خۆ بە نامۆ زانین وای کردووە شاعیر زۆرکات هانا بۆ مەرگ ببات یاخود ئارەزووی مردن بکات کە خۆیی دەڵێت، ئەگەر هاتوو بیستت خۆم کوشت بزانە کە نەمتوانیوە، شیعرێک بڵێم ئازارمی تیاجێهێشتووە.

ڕاکشان لەنێو تابووتی پاییز و مەرگدا چاوەڕوانکراو بوو

بە داخ و چاوی پڕ لە فرمێسک بۆ شاعیر و نووسەر و هاوڕێمان، ژەنەڕاڵی پاییز محەمەد عومەر عوسمان، لە سەمای شەوێکی پڕ لە با و هەڵوەرینی گەڵاکانی پاییز مەرگی خۆیی ئاوێتەی ڕەنگەکانی پاییز کرد، شەوی 22ی ئۆکتۆبەری2019 لە تەمەنی 62 ساڵیدا لە ماڵی خۆیدا لە گەڕەکی ئیسکان لە سلێمانی بە کارەساتێکی جەرگبڕ مالئاوایی لێ کردین، دواتریش پۆلیسی سلێمانی ڕایانگەیاند ئەو شاعیرە خۆی خنکاندووە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە و هەر لە مەراسیمی بە خاکسپاردنی بە ئامادەبوونی کەسوکار و دۆست و هاوڕێکانی لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و شاعیران لەسەر وەسیەتی خۆی کە زۆر گرێدراوی وەرزی پاییز بوو تابووتەکەیان بە گەڵای ئەم پاییزە داپۆشیبوو لەگەڵ دەربڕینی هاوخەمیی بۆ لەدەستدانی و ئەم کۆچەی لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بە خاکی دایکی نیشتمانیان سپارد و لەنێو خاکدا کۆسار ئەحمەد غوڵام و کارزان عوسمان عەلی هونەرمەندان و لاو و گەنجی تازەپێگەیشتووی دەست و پەنجە ڕەنگینیانی لە هونەردا ڕاچڵەکاند کە لە سەرەتای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991مەرگی خۆیان بەدەستی خۆیان سپارد بە نامۆبوون و هەر ژەنەڕاڵی پاییز خۆشی دەڵێت: عومەریشم بەفری بەرهەتاوێکە، هەر ئەبێ بەشوێن مردنا ڕاکا.


بەشێک لە وێستگەکانی ژیانی ژەنەڕاڵی پاییز

شاعیر و نووسەر، ژەنەڕاڵی پاییز، محەمەد عومەر عوسمان، خۆی دەڵێت: داوای شیعرێکی سەوزم لێمەکە، بەهار لە عومری من بێ بەرییە، بڕوانە قژی ماش و برنجیم کە دەفتەرێکی کۆڕەوەرییە، شاعیر لە ساڵی 1957 لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەنێو بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر چاوی بەدنیای پڕ لە خەم و نامۆبوون هەڵێناوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە دەستی بە خوێندنەوەی پەرتووک و ڕۆژنامەکان کردووە لە ساڵی 1975 هەستی جوانی تێکەڵ بە شیعرنووسین و بڵاکردنەوەیان کردووە، ناوبراو وەک یەکێک لەو دەنگە شیعرییانەی کە توانی بە بەرهەمێکی کەم، بەڵام بە کاریگەریەکی زۆر لە بواری شیعری هاوچەرخی کوردیدا دەنگدانەوەیەکی باشی هەبێت، ئەویش ئەوە دەگەیەنێت، ئەم شاعیرە توانی لە ڕێگەی ئەو بەرهەمانەی بڵاوی کردوونەتەوە لە دووتوێی دیوانێکدا بە ناونیشانی (لەغوربەتا) بیێتە یەکێک لەو دەنگە شیعرییانەی جیاوازتر لە ئەزموونەکانی ڕابردوو. ژەنەڕاڵی پاییز توانیی کۆمەڵێک شت تێپەڕێنێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شاعیر هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئەو زمانە شیعرییەی هەیەتی لە شیعرەکانیدا ڕەنگبداتەوە. ڕەنگدانەوەکەش بە جۆرێک بێت لە شیعرەکانیدا هەستی پێدەکەین، کۆی بەرهەمەکانی لە غوربەتا دا بۆ چەند جارێکیش چاپکراوەتەوە، تێکستی ژەنەڕاڵی پاییزیشی خستووەتە سەر، چەندین هۆنراوەشی کراوەتە گۆرانی و لەسەر زاری زۆر بە مانە لە عاشقانی شیعرەکانی بۆ هەمیشە دەگوترێتەوە، تا ئێستا دوو ماستەر لەسەر شیعرەکانی وەرگیراوە لە چوار نامەی دکتۆرا وەک سەرچاوەی سەرەکی بەکارهاتووە و شیعرەکانی بۆ چەندین زمانی زیندوو وەرگێڕدراون، نازناوی ژەنەڕاڵی پاییزی بۆ خۆی هەڵبژاردووە لە ڕوانگەی ئەوەی بە هەمیشەیی خەمی لە مرۆڤایەتی و ڕووتبوونەوەی گەڵای دارەکان و هەڵوەرینانی بە شیعر دەربڕیوە و زۆربەی شیعرەکانی ئاوێتەن بەو جوانیەی پاییز، تا لە ژیانیشدا مابوو لە باخچەی گشتیی پارکی ئازادی لە شاری سلێمانی پەیکەرێکی بۆ دانراوە، بەدەستوپەنجەی ڕەنگینی هونەرمەند بەختیار هەڵەبجەیی نەخشێنراوە، شاعیر محەمەد عومەر عوسمان دەڵێت: ئەگەر هاتوو بیستت خۆم کوشت بزانە کە نەمتوانیوە، شیعرێک بڵێم ئازارمی تیاجێ بێتەوە.

ڕەنگدانەوەی کەسێتی شاعیر لە ناخی دۆست و هاوڕێکانی

شاعیر ژەنەڕاڵی پاییز خۆی دەڵێت: پرسەیە ئەگرم بۆ ئەم پایزە، چەند خۆشە لەبەر شەستە بارانا، لەسەر ئەو گەڵا زەردانە بمرم، من بۆ خۆم ساسان دەڕوێش، کاتێک قوتابی ئامادەیی بووم لە ناوەڕاستی ساڵەکانی هەشتا و دەستکردم بەخوێندنەوەی یەکەم چاپی نامیلکەی لە غوربەتا، کاریگەری زۆری بۆ دروستکردم، نەک تەنها بۆ من زۆربەی زۆری هاوتەمەنەکانم هاوشێوەی من بوون، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی1991 بەهۆی مامی ژەنەڕاڵی پاییز محەمەد عومەر بەناوی بەکر عوسمان ئەحمەد ڕەوانشاد یەکترمان ناسی، بەهۆی ئەوەی مامی تێکۆشەرێکی دێرینی فیکر و سیاسەت و کورد ایەتی بوو لەنێو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و هاوڕێ و نزیکی باوکی من بوو، لەو دەمەدا سەرقاڵی نووسین و کۆکردنەوەی زانیاری بووم، بۆ پەرتووکی سیمای شەهید محەمەد دەڕوێش نادر لە ئاگری زەمبووردا، مامی یادەوەرییەکانی بۆ نووسیم و ئێستا لە پەرتووکەکەدایە و ساڵی 1995 چاپ و بڵاوم کردەوە بەداخەوە ڕەوانشاد بەکر عوسمان ئەحمەد لە 2014/7/11 کۆچی دوایی کرد ، ژەنەڕاڵی پاییز زۆر شانازی بە مام و خەبات و تێکۆشانی دەکرد و لە ناخەوە هەمیشە سوپاسی منی دەکرد بۆ ئەو بەسەرکردنەوەی مامی، لە دیدی هاوڕێیان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کوردستان، خەمێکی قوڵ بوو کە هەریەکەیان چەندین بیرەوەریان هەیە لەگەڵی و بەم شێوەیە، هەڵۆ بەرزنجەیی نووسەر و ڕووناکبیری کورد بۆ ئەم کۆستە دەڵێت: هاوڕێی بەڕێز و ناسک و خۆشەویستەکەم چاکم لە بیرە، لە گەرمەی ئاڵۆزییەکاندا، گوتت: کاکە هەڵۆ، من لە خەمی دڵۆپێ خوێنی پەپوولەکانی کوردستانیشدام، هاوڕێی ژەنەڕاڵ، لەم پاییزەدا 2019 چیت کرد؟!، هەڵوەرینی گەڵای درەختەکان بەرەو ئەم کارە هانیان دایت؟! یان خۆت گفتت دابوو، هەروا زوو مەرگ یەخەت بگرێت؟! ئاخر باشت دەزانی، خەمەکان هێنده بالآیان کورت نەبوو، تا تۆ بچیتە سەرشانیان؟! خەمەکان ژانیان کەم نەبوو، تا تۆش ببیتە ژمارەیەکی نوێ؟! تۆ چیت کرد؟! بەرگەی دوا پەردەی شانۆکەت نەگرت؟! خۆ تۆ لەمێژە لە سەنگەری بەرەنگاری دایت! تۆ خۆت دەکوژیت و دڵی ئێمە داخ دەکەیت، ڕۆحمان دەتەزێنی، بۆ بەم سەرەتای پاییزە زێرینە، بیرت لە مەرگ کردەوە؟! هێشتا مابووت، لە دارستانی پاییز، سەربازەکان بگەیەنیتە پلەی ژەنەڕاڵ! دەی زوو بوو، پەردەی شانۆی ژیان بەسەر خۆتدا داخەیت؟! تۆ خەمیی قوڵی دەچیتە سەر خەرمانی خەمە گرانەکان، تۆ ئازار و مەینەتیی بە سانایی لە پانتایی ژیانماندا نابڕێیتەوە؟! چیترد؟! هاوڕێ بۆ واتکرد؟! بۆ زوو بەجێتهێشتین، بۆ خۆت کوشت!

شێرکۆ بێکەسی ڕەوانشاد لەبارەی ئەم شاعیرە گوتوویەتی: محەمەد عومەر یەکێکە لە جوانترین پەنجەرەکانی شیعری تازەی کوردی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، زمان لە گۆمێکی قوڵ و ڕوونی پرشنگدار ئەچێت، لە دیوانەکەیدا شاعیرێک ئەبینین کە لە هاوڕێکانی سەردەمی خۆی ناچێت، وڵاتێکی تری شیعری دۆزیوەتەوە بۆ خۆی، هەروەها هونەرمەندی دیاری کورد عەدنان کەریم لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی شاعیری کورد محەمەد عومەر عوسمان، بە کوردستان24ی گوت: مانگی10 مانگێکی شووم بووە بۆ سلێمانی و کورد، لەم مانگەدا چەندین هونەرمەند و ڕوشنبیر و کەسایەتی و سیاسی ئەم شارە لەم مانگەدا گەلای عومریان وەریوە، هیوادارم کۆچی کاکە محەمەد عومەر عوسمان دوا کەسی شارەکەم بێت لێمان بڕوات.



هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
یەک شەممە 2019/10/27 ژمارە (5856)
خەبات

حکوومەتی هەرێم لە وەرزی چاندندا هاوکاریی جووتیاران دەکات



وەزارەتی کشتوکاڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئامادەکاری بۆ هاوکاریکردنی جووتیاران لە وەرزی داچاندنی بەرهەمی دانەوێڵەدا دەکات، گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵیش دەڵێت، بنەتۆ بەسەر جووتیاراندا دابەش دەکرێت.

حوسێن حەمەکەریم، گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە ئێستادا وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری لە هەوڵدایە بۆ دابینکردنی بنەتۆ تا بەسەر جووتیارانی هەرێمی کوردستاندا دابەش بکرێت، لەبەرئەوەی لە وەرزی چاندنی ئەمساڵ نزیک دەبینەوە.

گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت: مەبەست لە هاوکاریکردنی جووتیاران بۆ وەرزی نوێی چاندن ئەوەیە، زیاتر جووتیاران هان بدرێن بۆ ئەوەی ڕووبەرێکی زۆرتر بەکار بێنن بۆ چاندن و ڕێژەی زەویی کشتوکاڵی بۆ چاندن زیاتر بێت.

پەیوەست بە پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ، حوسێن حەمەکەریم ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: حکوومەتی هەرێمی کوردستان پلانی هەیە بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و بە هەموو توانایەک هەوڵ دەدات تا بەرهەمی ناوخۆ ساخ بکرێتەوە و سوودی بۆ جووتیاران هەبێت، لەو بارەیەشەوە وەکو وەزارەت چەند ڕێوشوێنێک دەگرینە بەر.

بە پێشینازی فراکسیۆنی پارتی، خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە لە تاپۆکردنی خانوو و زەویی زێدەڕۆ دەبەخشرێن



بڕیارە ئەمڕۆ لیژنەی یاسایی دەربارەی پڕۆژەیاسای تاپۆکردنی خانوو و زەویی زێدەڕۆ کۆببێتەوە و ئەندامێکی لیژنەکەش دەڵێ، فراکسیۆنی پارتی پێشنیاری کردووە، خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە لە کاتی تاپۆکردنی خانووی زێدەڕۆدا ببەخشرێن. خەدیجە عومەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی حەفتەی ڕابردوو خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژەیاسای تاپۆکردنی زەوی و خانووی زێدەڕۆ کرا، ژمارەیەک پێشنیاری دیکە بۆ دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەیاساکە خرانە ڕوو، یەکێک لە پێشنیارەکانیش لە لایەن فراکسیۆنی پارتی بووە.

ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی دەشڵێت: فراکسیۆنی پارتی پێشنیاری کردووە لە کاتی تاپۆکردنی خانوو، یان زەویی زێدەڕۆدا خێزانی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە و کەمئەندامانی سەنگەر ببەخشرێن، واتە هیچ پارەیەکیان لێ وەرنەگیرێت و بێ بەرانبەر خانوو و زەویەکانیان تاپۆبکرێت.

خەدیجە عومەر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: 2019/10/27 لیژنەی یاسایی دەربارەی پێشنیاری فراکسیۆنی پارتی و چەند پێشنیارێکی دیکە و کۆدەبێتەوە و بڕیارە ئەو پێشنیارە بۆ بەخشینی خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە و بریندارانی سەنگەر جێگیر بکرێت و دواتر پەرلەمان پڕۆژەکە پەسەند دەکات.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو محەمەد سدیق مەحمود

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیار و پارێزەرمحەمەد سدیق مەحمودمان پێگەیشت.

هاوخەمی خۆمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات. **انا لله وانا اليه راجعون**

بارەگای بارزانی

1500 مترێن جادا کەمەری ل نزارێ باژێرێ دهوکێ هاتەڤەکرن



ڕۆژا پێنجشەممە 2019/10/24 ب چاڤدێریا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ وب ئاماددەکاری بۆ هاوکاریکردنی جووتیاران لە وەرزی داچاندنی بەرهەمی دانەوێڵەدا دەکات، گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکالێش باژێرێ دهوکێ دا. هەروەسا گوت: ئەڤ پرۆژە پشکەکە ژپرۆژێ سێ ئەندەر پاسێن دکەڤنە سەر جادا بارزان ل ناڤ سەنتەرێ دهوکێ دگەل جادا خزمەتکاری وب چێکرنا ڤێ پشکا جادا کەمەری دێ هاتن وچونا وەلاتیان ئاسانتر لێ هێت وتیمێن کومپانیا جێبەجێکاری ژی دێ ب ساناهیتر کارێ خو ئەنجامدەن. ل دوماهیێ پارێزگەرێ دهوکێ تەکەزکر کو ئەم وەکو حکومەتا هەرێما کوردستانێ و کارگێریا پارێزگەهێ وسەروکاتیا باژێرڤانیا دهوکێ دێ بەردەوام دوڤ چونا پرۆژەی کەین کو ب ڕەنگەکێ ڕێکوپێک کو خەلکێ پارێزگەها دهوکێ و پارێزگەهێن دی یێن کوردستانێ پتر مفای ژێ ببینن.

هەژی گوتنێ یە درێژیا جادا هاتیە ڤەکرن 1500 مترن، جادە دوو سایدە کوژمێ 2ملیار و 600 ملیون دینارا بو هاتینە تەرخانکرن پرۆژە دماوێ دوو هەیڤا و نیڤا دا هاتیە ئەنجامدان، پرۆژێ ناڤبری پشکەکە ژپرۆژێ چێکرنا سێ ئەندەر پاسا ودگەل جادا خزمەتکاری ل سەر جادا بارزان ل ناڤ سەنتەرێ باژێرێ دهوکێ کوژمێ 73 ملیار دینارن بریارە دماوێ 960 روژان دا ب دوماهی بهێت.

وەزیری شارەوانی لە سەردانێکی مەیدانیدا بەدواداچوون بۆ کێشەکانی پەیوەست بە ئاو دەکات



بە مەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشەکان و دابینکردنی ئاو و نوێکردنەوەی تۆڕەکان، هەروەها پێوەری ئاوی مالان و گوێگرتن لە کێشە و گرفتی هاوواڵتیان، ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێری کرد و لەگەڵ بەڕێوەبەری ئاو و فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکە کۆبۆوە و بە وردی بەدواداچوونی بۆ کێشەکانی ئاو و نوێکردنەوەی تۆڕەکان و کێشەی پێوەری ئاو و هاتنەوەی پارەی زیادە بۆ هاوواڵتیان، کرد.

هەروەها ڕاستەوخۆ سەردانی ئەو بەش و ژوورانەی کرد کە پەیوەندیدارن بە داواکاری و مامەڵەی هاوواڵتیان و لە نزیکەوە گوێشی بۆ هاوواڵتیان گرت و کێشەکانی بە هەند وەرگرتن، بەڵێنی چارەسەرکردنی پێدان، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکەشی کرد و داوای لە فەرمانبەران کرد بە هەموو شێوەیەک خزمەتی هاوواڵتییان بکەن، هەروەها تۆڕەکانی ئاو لە گەڕەکەکان و دابینکردنی کلۆر و شەب بۆ بیرەکان تاوتوێ کران.

بەرپرسی لقی 16: هەوڵی جددی دەدەین لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تاکدا



بە ئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێر و چیا محەمەد هەرکی کارگێڕی لق و ژمارەیەک لەبەرپرسانی حزبی و حکوومیی سنووردەکەو بەشداربووان و مامۆستایانی خولەکە، لەبارەگای لیژنە ناوچەی بەڕانەتی لەمەراسیمێکی جوان و شایستەدا کۆتایی هێنرا بەخولێکی ڕۆشنبیری کە لیژنە ناوچەی ناوبراو بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی سنووردەکە کردبوویەوە. لەسەرەتای مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی خولەکە کردو گرنگی ئەو جۆرە خولانەی بۆ ئامادەبووان شیکردەوە کە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە پێشخستنی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگاو شارەزا بوونیان لەبواری جیاجیاکاندا کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ ئەوەی تاکی کورد بەگوڕو تینێکی زیاترو کۆمەڵێک زانست و زانیارییەوە شان بداتەبەر ئەو بەرپرسیارێتیانەی لەقۆناغەکانی ژیانیدا دەیگرێتە ئەستۆ لەو پێناوەشدا هەوڵی جددی دەدەین. لەکۆتایی مەراسیمەکەدا سوپاس و پێزانین بەخشرایە مامۆستایانی خولەکە کە لەماوەی نزیکەی مانگێکدا ماندوونەناسانە ئەرکی وتنەوەی وانەکانیان لەئەستۆ گرت و خەڵات و بڕوانامەی دەرچوونیش بەسەر بەشداربووانی خولەکە دابەشکرا.

گەرمیان... لەسەر پوش و پەڵاش پێنج کەس بوونە قوربانی

مقەدەمی مافپەروەر عەلی جەمال قدووری بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان بڵاویکردەوە کە ئێوارەی هەینی لەگوندی مەحمود قەجەر سەر بە ناحییەی قۆرەتوو لەسەر جارِ و پوش و پەڵاش شەڕلەنێوان دوو ماڵ دروست دەبێت و بەچەک و چەقۆ هێرش دەکەنە سەر یەکتر، لە ئەنجامدا یەک کەس بەفیشەک و چوارکەس بەچەقۆ لەیەکتر بریندار دەکەن.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان بڵاویشی کردوتەوەن کە دوای گەیاندنیان بەبەشی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەکەلار و چارەسەری پێویست دوو کەس لە بریندارەکان کە چەقۆیان بەرکەوتبوو بەهۆی سەختی برینەکەیانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کراون. ڕاشیدەگەیێنێت، پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووەو سەرجەم ئەو کەسانەی لە شەڕەکەدا بوون بە بڕیاری دادوەر و بەپێی مادەی 413 ڕاگیراون.

وەزیری ئەوقاف: بە هەماهەنگیی پسپۆڕان سەرقاڵی دارشتنەوەی یاسای وەزارەتین تا ڕێگاکانی خزمەتکردن فراوانتر بکەین



ڕۆژی پێنجشەممە 2019/10/24 لە هۆڵی پێشەوا بە ئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی کۆبوونەوەی تایبەت بۆ مامۆستایانی ئایینی و وتاربێژانی سنووری شاری هەولێرو دەوروبەری ئەنجامدرا. سەرەتای کۆبوونەوەکە بە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد دواتر وەزیری ئەوقاف وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی: ڕێز دەگرین لە هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە شان بەشانی هێزەکانی بەرگری کوردستان بە وتارە پڕ سوودو گرنگەکانیان هانی هاوواڵتیانیان داوە و ئامۆژگاریان کردوون کە هەمیشە بەرگری لە خاک و وڵات و پێکەوەیی میللەتەکەماندا بکەین، چونکە ئەوە ئایینی پیرۆزی ئیسلامە پێمان دەڵێت ئایین واتە خۆشەویستی و پێکەوەیی هەموو لایەک. هەروەها وەزیری ئەوقاف ڕایگەیاند: کارکردن و ئەنجامدانی پرۆژەو بڕیارەکانی وەزارەت پێکەوەیی دەبن و مامۆستایانی بەڕێزو سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ هەر بڕیارێک پێکەوەین و پێکەوەش پرۆژەکانمان جێ بەجێ دەکەین. هەروەها گوتی: وەزارەتیش بە هەماهەنگی شارەزایان و پسپۆران لە ئێستادا سەرقاڵی دارشتنەوەی قانوونی وەزارەتە بۆ ئەوەی ڕێگاکانی خزمەتکردنی پێ فراوانتر بکەین. دواتر لەلایەن مامۆستایانی بەڕێزەوە چەندین پرسیار ئاڕاستەی وەزارەت کران.

خەبات
www.xebat.net
یەک شەممە 2019/10/27 ژمارە (5857)

متمانە بەخۆبوون لە وتووێژە ستراتیژی و یەکلاکەرەوەکاندا



لەسەر وتووێژکار پێویستە کە بەرپرسیارێتی هەڵبژاردنی شێوازەکان و پەیوەندی نێوان لایەنەکانی دیکە هەڵبگرێت



ئا: سەردار حوسێن

دەکرێ وتووێژەکان ڕووناکتر نیشان بدرێن و ئامادەگییان تێدا بەدی بکرێت، وەک کۆنگرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەندێک کاتدا، ڕەنگە لە قۆناغی یەکەمدا هیچ تیمێک نەگەنە ئەنجامی کۆتایی لەو داواکارییانەی هەیانە، بەڵام بە گوێگرتن لە لایەنی بەرانبەر و گرنگیدان بەو داواکارییانەی هەیانە، وات لێ دەکات بزانێت چۆن بارودۆخەکە بەرەو پێشتر ببەیت، بە دۆزینەوەی گۆڕانکارییەکان و پێگەی وتووێژەکان و بارودۆخەکەی دەتوانێت بگەیتە ئەنجامێکی وەها کە بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەموو لایەنەکانی تێدا ڕەچاو بکرێت و بێتەدی.

لەوکاتەی دەگەیتە بڕیاری قبووڵکردنی وتووێژەکان بە هەر هۆکارێک بێت، وتووێژکار و خاوەنی بڕیار دەرفەتێکی بۆ دەرەخسێت، بۆ هەڵبژاردنی ستراتیژیەتی جیاواز و گونجاو لەگەڵ بارودۆخە بەرقەرارەکەی کە هەیە، ئەویش بۆ بەدەستیهێنانی ئەو ئامانجەی کە دەخوازرێت بێتەدی، لەوانەش:

•ستراتیژیەتی هاوکاریکردن، ئەوەیش پشت بەو خواستە دەبەستێت کە هەردوو لایەنی وتووێژکار دەیانەوێ بەدەستی بهێنن، لێرەش ئەو جێگرەوەو نمایشانە دەخرێنەروو کە دەکرێ هەردوو لایەن بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن و هاوکاری کردنی یەکتر قبووڵی بکەن و ڕووبەڕووی کێشەو گرفتەکانیان ببنەوە.

•ستراتیژیەتی بەرگریکردن، ئەوەیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە دەکرێ لەلایەن یەکێک لەو لایەنە دیاریکراوانەوە فشار بخرێتە سەر لایەنی بەرانبەر بۆ بەدەستهێنانی خواستی زیاتر و گەورەتر، بەتایبەتیش لەو حاڵەتانەی کە وا هەست دەکرێت لایەنی بەرانبەر دەیەوێت لە وتووێژەکان بکشێتەوە، بۆیەش لێرەوە حاڵەتەکانی ئاڵوگۆڕکردن و داواکردنی هاوکاری دەرەکی و کشانەوەو چەندین حاڵەتی دیکەیش دێتە ئارا، بۆ دەرچوون لەو قەیرانە.

•ستراتیژیەتی ڕووبەڕووبوونەوە، ئەوەیان پشکی ئەو بەهێزە متمانە بەخۆبوونەیە، کە متمانەی بە پرس و باسەکەی خۆی بەهێزە یاخود پشت بە توانای خۆی دەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی.

•ستراتیژیەتی وتووێژکردن، ئەوەیان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت، بەر لە دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆکردن، لەوانەیش ئەو قۆناغە ئامادەکاری بۆ کراوەی بەر لە قۆناغی دانیشتن و وتووێژکردن دێتە ئارا، ئینجاش قۆناغی نمایشکردنی خواست و داواکارییەکان و پاشان دروستکردنی دۆسیەی تایبەت بە وتووێژکردن و دروستکردنی کەشوهەوایەکی لەبار بۆ کردنەوەی دەرگای وتووێژ لەڕووی مەعنەوی و تەکنیکییەوە.

لە شێوازە ڕاستەوخۆیەکانی چارەسەری ناکۆکییەکاندا، وێڕای بوونی هێزی فشاری شاراوە، کە کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنی ئیرادەی لایەنەکان دەبێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دیاریکراو، دەکرێ چەند شێوازێکی جیاواز بهێنێتەدی، لەوانەش:

1- ڕازیکردن، کە بەزۆری بە پەیوەندی (بردنەوە ژ دۆڕاندن) دادەنرێت.

-2سازشکردن، کە بەزۆری بە پەیوەندی (دۆڕاندن ژ بردنەوە) دادەنرێت.

3- یەکسانکردن، کە بەزۆری بە پەیوەندی (دۆڕاندن ژ دۆڕاندن) دادەنرێت.

4- وتووێژکردن، کە بەزۆری بە پەیوەندی (بردنەوە ژ بردنەوە) دادەنرێت.

لەسەر وتووێژکار پێویستە کە بەرپرسیارێتی هەڵبژاردنی شێوازەکان و پەیوەندی نێوان لایەنەکانی دیکە هەڵبگرێت یاخود چارەسەری ململانێکانی نێوان خۆی و ئەوانەی دیکە بکات، ئەوەیش ڕێگر نابێت لە گواستنەوەی وتووێژەکان لە ستراتیژیەتێکەوە بۆ ستراتیژیەتێکی دیکە.

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٤
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (فرمان احمد نادر)
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئامازە بەبڕیاری ئەم دادگایە بەژمارە (٢٠٨/ج غم/٢٠١٩) لە (٢٠١٩/١٠/٩) کە بڕیاری داوە بەبەندکردنی بۆ ماوەی (٤) چوار مانگ پالپشت بە ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی عێراقی بەژمارە (١١١) سالّی ١٩٦٩ بەشێوەیەکی پاشملە بەگوێرەی یاسا لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بریاردرا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادار بکرێتەوە کە مافی تانە لێدانت هەیە بەشێوەیەکی نارەزابوون و پێداچوونەوە لەبڕیاری پاشملە و بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ

دادەر/ جاسم حمد رضا
***
دادگای کار لە هەولێر
ژمارە: ٣٥/ك.س/ ٢٠١٤
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: ڕێبەر عجیل ناصر
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە ئاگانامەیە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ کاتژمێر (٩) سەر لەبەیانی لەم دادگایە ئامادەبی بەپێچەوانەوە بەپاشملە بەگوێرەی یاسا دادگایی دەکرێی وە ئەگەر ڕۆژی دادگایەکە بوو بەپشوی فەرمی ئەوا ڕۆژی دواتر دەبێتە وادەی دادگایی کردنەکە، پێویستە ئەو کات ئامادەبن.
دادەر/ عبدالباسط مسعود احمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٢٤/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (عبدالرحیم عبدالرزاق رحیم)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٢٤٠ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٧ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای شارەزوور
ژمارە: ٣٢٠/ج غم/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ئاسۆ عبدالله عبدالرحمن
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٣١/٤٠٥ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پالپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٣١ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای کەتن لە شەقلاوە
ژمارە: ٨٥/د/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٢
بۆ تۆمەتباری نادیار (رزباوه حمد سلیمان)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم دادگایە بریاریدا بەدادگایی کردنی بەشێوەیەکی پاشملە بەپێی ماددەی ٥٤٨ لەیاسای ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوەی عیراق بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری دەکەینەوە لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی پێویستە لەسەری ئامادەبێت لەبەردەم ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٢ بۆ دادگایی کردنی وە ئەگەر ڕۆژی دادگایی کردنەکە کەوتە پشوو ئەوە یەکەم ڕۆژی کارکردن دوای پشووەکە دەست نیشان دەکرێت بۆ دادگایی کردن ئەگەر ئامادە نەبن یاخود خۆی بەدەستەوە نەدەن بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس لەو کاتەدا کاری یاسایی دەرهەق بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٦٢٤٩/١٠
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢١
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی سالّی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئامازە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی ٣٠ سی یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ١٢٢/٥٤٦ ك ٤٥ وارش ڕووبەر/ ٣٧٨,٠٧م٢ ڕەگەز/ نیشتەجێ
تێبینی/ پێویستە بەشداربووی پرۆسەکە بارمتەی یاسایی وەك سەفتەجە لەبانکی دیدەوان بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دابنێت.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٦٤٢٦/١٠
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢٣
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی سالّی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئامازە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی ١٥ پانزە یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ١٠٩/٣٧٥٨ ك ٤٥ وارش شوێنی ژمارە (٢) ڕووبەر/ ٤٠٠٠م٢ جۆری بەکارهێنان/سوپەرمارکێت ماوەی بەکرێدان/ ٢٥ سالّ.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (savona) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئۆتۆمبێل/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (ساڤۆنە/ savona) بۆ کۆمپانیای (ڕەوا دلشاد مصطفی)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٣٢/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (هەڵمەت محمد قادر)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٣ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٣٥٦/ك/٢٠١٧
رێکەوت:٢٠١٩/٨/٢٠
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: بیار جلال جبار
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٣٥٦/ك/٢٠١٧ لەرێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٠ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ٢ دوو مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخوی پێت رابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٦ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٤٨/ك/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/١٠/١٤
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو: سامر صلاح عبدالصمد – رلى رياض صليبي
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٤٨/ك/٢٠١٩ لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٤ لەسەرتان بەندکردن بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخوی پێتان رابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٦ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانتان هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٣٦٠/ك/٢٠١٧
رێکەوت:٢٠١٩/١٠/١٧
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: عماد اكرم جدوع
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٣٦٠/ك/٢٠١٧ لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٥ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخوی پێت رابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٦ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/١١٠/ك/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/٩/٣
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: فاتن عبدالرزاق جراد
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١١٠/ك/٢٠١٩ لەرێکەوتی ٢٠١٩/٩/٣ لەسەرت بە پێ بژاردن بەبری ١٥٠٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار دینار ئەگەرنا بەندکردن بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخوی پێت رابگەینرێت بەپێی ماددە ٢٩٢ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٠٦٠/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: ناصح عثمان قادر
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٢ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٤٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٠٥٨/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: هەکار علی اسماعیل
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٧ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٣٩٥) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٠٨٧/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: هاوکار صلاح قادر
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٢ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٠٩٩/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: ايمن تحسين حسين
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٢ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٣) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٥٠/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ نجاة فاضل محمدامین
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٥٠/ك١/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٦/شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی/ تارین لە کۆمەڵگای مەلا ئۆمەر) بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٥/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ مهدی یوسف سعید
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٥/ت/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/١٣ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٦/ شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٧ ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی/ تەرجان) بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٨٣/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ نظام ناظم اسماعیل عثمان
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٨٣/ك١/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٩ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك ساڵ) بەپێی ماددەی (٣١/٤٠٨) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی/ سایلۆ و منارە و دورالامن کۆن) بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٥/کفالە١/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ستار عمر حسين
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٥/کفالە١/٢٠١٨ لە ٢٠١٩/٦/١٠ لەسەرت بەپێ بژاردن بەبری (٧٠٠٠٠٠٠/ حەوت ملیۆن دینار) بەپێی ماددەی (١١٩) لەیاسای (أصول) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی/ ١٥٩ی گوڵان) بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٩/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ صالح حمدامين حمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣٩/ك١/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٨ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٩/نۆ مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٩٥/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ نهى جواد حسون
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٩٥/ك١/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/١٢ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٢/ دوو ساڵ) و پێ بژاردنی بەبری (٤٥٠٠٠٠/ چوار سەدو پەنجا هەزار دینار) بەپێی ماددەی (٤٥٩) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٩٩/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ خالص حسين احمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٩٩/ك١/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك مانگ) بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٥٦/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ شڤان انور عيسى
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٥٦/ك١/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٧ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك ساڵ) و پێ بژاردنی بەبری (٢٢٥٠٠٠/ دوو سەدو بیست و پێنج هەزار دینار) بەپێی ماددەی (٤٥٩) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٨٤/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ جاسم عبدالرحمن محمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٨٤/ك١/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٧ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك ساڵ) و پێ بژاردنی بەبری (٢٢٥٠٠٠/ دوو سەدو بیست و پێنج هەزار دینار) بەپێی ماددەی (٤٥٩) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٢٢/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رێناس عابدين عمر
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٢٢/ك١/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/١٣ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٦/شەش مانگ) و بەپێی ماددەی (٣ ف و) لەیاسای (باری کەسی) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *

حكومة اقليم كوردستان
وزارة الاعمار و الاسكان

الرقم: 5014
التاريخ:2019/10/16

طلب التعبير عن الاهتمام

الخدمات الاستشارية لاعداد وثائق المناقصة للتعاقد مع المقاولين, تدقيق التصاميم, و الاشراف على تنفيذ نفق متين و مقترباته

ترغب وزارة الاعمار و الاسكان في حكومة اقليم كوردستان (كجزء من برنامجها للتنمية و التأهيل) بتطوير شبكة الطرق الرابطة مع المناطق الاكثر تطورا و كذلك تلك الطرق الرابطة مع الدول المجاورة مثل تركيا و الدول الاوربية عن طريق تركيا مدعمة بالطرق السريعة. لغرض الحصول على شبكة طرق فعالة و عملية يجب تطوير و انشاء طرق جديدة في الاقليم و التي ستساهم ايضا في الحصول على شبكة طرق داخلية ملائمة.
يقع مسار المشروع في محافظة دهوك القريبة من الحدود التركية حيث يمتد المسار ما بين منطقتي بامرني و كاني ماسي. الطول الكلي للمشروع هو 15.410 متر وطول النفق عبر جبل متين حوالي 4.7 كم وتنوي وزارة الاعمار و الاسكان بتخصيص جزء من الميزانية المخصصة لتنفيذ هذا المشروع للخدمات الاستشارية لتدقيق التصاميم, الاشراف على التنفيذ و الخدمات المتصلة لمشروع نفق متين و مقترباته.
تنوي وزارة الاعمار و الاسكان باعداد قائمة مختصرة من الشركات الاستشارية لتقديم الخدمات الاستشارية لاعداد وثائق المناقصة للتعاقد مع المقاولين, تدقيق التصاميم, و الاشراف على تنفيذ نفق متين و مقترباته , وتشمل تلك الخدمات (لا على سبيل الحصر) اعداد وتسليم تصاميم ومخططات تفصيلية و مصدقة, الاشراف على اعمال الانشاء و اعداد تقارير الانشاء النهائية و المجموعة الكاملة من مخططات (الاعمال كما نفذت as built) لكل الاعمال المكتملة و المساهمة في اعداد التقرير النهائي الكلي. فترة التنفيذ المتوقعة هي (48) شهرا.
تدعو وزارة الاعمار والاسكان الاستشاريين المؤهلين (الاستشاريين) الى التعبير عن اهتمامهم بتقديم الخدمات اعلاه (الخدمات) . يجب على الاستشاريين المهتمين تزويد المعلومات التي تبين على أنهم مؤهلون و لديهم خبرات لتنفيذ الخدمات (النشرات, وصف لمهمات مماثلة, الخبرة في ظروف مماثلة, قائمة الكادر مع سيرهم الذاتية بشكل مختصر).
يجب ان لا تزيد الوثائق المقدمة على 30 صفحة. يجوز للاستشاريين الإتحاد كائتلاف شراكة لتعزيز مؤهلاتهم.
سوف يتم اختيار الاستشاري بموجب تعليمات تنفيذ التعاقدات الحكومية رقم 2 لسنة 2016 (التعليمات) وهي مفتوحة لجميع الاستشاريين المؤهلين كما هو محدد في التعليمات.
سوف يتم اختيار الاستشاري بموجب أسلوب الاختيار على اساس الجودة والكلفة Quality and Cost-Based (QCBS) Selection المذكورة في التعليمات.
يجب أن تسلّم طلبات التعبير عن الاهتمام إلى العنوان المبين في ادناه في موعد اقصاه 2019/11/11 الساعة الثانية عشر ظهرا بالتوقيت المحلي.
ملاحظة: لا يسمح بتقديم الطلبات الكترونيا ويجب ان يكون التقديم باليد (عدد واحد من الاصل مع نسختين).

سيتحمل الاستشاري الفائز اجور نشر طلب التعبير عن الاهتمام.

وزارة الاعمار و الاسكان
المديرية العامة للشؤون الفنية
قسم العقود العامة
شارع طهران, اربيل, اقليم كوردستان

المهندس
دانا عبد الكريم حمه صالح
وزير الاعمار و الاسكان

REPUBLIC OF IRAQ
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT (KRG)
MINISTRY OF CONSTRUCTION & HOUSING

NO:5014
DATE:16/10/2019

REQUEST FOR EXPRESSIONS OF INTEREST
CONSULTANCY SERVICES, PREPARING CONTRACTOR TENDER DOCUMENTS, DESIGN REVIEW AND SUPERVISION OF MATEEN TUNNEL AND APPROACHING ROADS

As part of its development and rehabilitation program, Kurdistan Regional Government in Iraq represented by the Ministry of Construction and housing wishes to develop the roads network linking the peripheral regions to the more developed ones as well as the ones linking it to the neighbouring countries such as Turkey and Europe via Turkey supported by the motorways .In order to have efficient and operational road connections, new road projects have to be developed and implemented in the country. These roads will also help to have adequate national road network in the country.
The project alignment falls within a region in Duhok Governorate which is close to Turkish border. The route is situated between Bamerne and Kani Mase area. Total length of the project alignment is 15,410 m and the length of the tunnel through Mateen Mountain is approximately 4.7 km. and MoCAH Intended to apply a part of the allocated budget for the consultancy services for Design Review, Construction Supervision and Related Services of Mateen Tunnel and Associated Road Project
Ministry of construction & housing intends to shortlist qualified consulting firms or consortiums to provide consultancy services for preparing contractor tender documents , design review and supervision of MATEEN Tunnel and approaching roads including providing (but not limited to) hand over approved detailed design and drawings, supervise the constructions works of the contract, prepare final construction reports and compile full set of as- built drawings of all completed works, assist in preparation of the overall completion report. Expected Implementation period is (48 months).
Ministry of construction & housing now invites eligible consultants (“Consultants”) to indicate their interest in providing the services above “The Services”. Interested consultants must provide information indicating that they are qualified to perform the services (brochures, description of similar assignments, experience in similar conditions, staff list and brief Cvs, The documents shall not exceed 30 pages, Consultants may associate to enhance their qualifications.
A consultant will be selected in accordance with the procedures set out in the Public Procurement Regulation issued by ministry of planning, of 2016 (“Regulations”), and is open to all eligible consultants as defined in the Regulations
A consultant will be selected in accordance with the (Quality cost best selection) QCBS method set out in the Regulations.
Expressions of interest must be sent to the address below by **11th of November, 2019** at 12:00 p.m. local time
NOTE: Electronic proposal unacceptable and must be hand carrier, One original and two copies.
THE COST OF PUBLISHING THIS REQUEST WILL BE HELD BY THE WINNING CONSULTANT

Ministry of construction and housing
General directorate of technical affairs
Public contracts department
Tehran St. Hawler, KRG

Engineer
Dana Abdulkareem Hama Salih
Minister of Construction and Housing

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/10/27 ژمارە (5856)

ژەنەراڵ و ئادمیرالەکانی تەرەمپ تووڕەن..

کاتی هاتووە سەرۆک کۆشکی سپی چۆڵ بکات!



تا: هەندرین شێرزاد

وەک عورفێکی سەربازی ، هەمیشە ئەندامانی هێزە سەربازیە جۆراوجۆرەکانی ئەمەریکا لەسەر ئەوە راهێنراون کە دەست لە کاروباری سیاسی وڵات وەرنەدەن و ملکەچی ئەو بڕیار و فەرمانانە بن کە لە سەرووی خۆیانەوە بەدەستیان دەگات . ئەوان بە هیچ شێوەیەک گوێ بەوە نادەن سەرۆکایەتی و پلە بااڵکان لەدەستی ئەندامانی کامە پارت ولایەنی سیاسی وڵاتەکەیان دان ، بۆیە لە مێژووی ئەمەریکا کەم وا هەبووە سەرکردە بااڵکانی هێزی سەربازی لە سەرۆکی وڵات هەڵبگەڕێنەوە و ڕەخنەی توندی ئاراستە بکەن ، بەاڵم پێدەچێ ئێستا ئەم نەریتەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێ ، بە تایبەتی لەوەتەی دۆناڵد ترەمپ گەیشتۆتە کۆشکی سپی.


جیمس ماتیس


نانسی پیلوسی


ولیام ماکریفن


جیمس ستافریدیس

حەفتەیەکی جیاواز

ژەنەراڵ و ئادمیراڵە چوار ئەستێرەکانی ئەمەریکا زیاتر بەوە ناسراون کە کەم قسە دەکەن ، ئەوان بەر لە قسەکردن بایەخ بە ڕێکخستنی وشە و ڕستەکانیان دەدەن و بە بیانووی نواندنی دڵسۆزی بۆ هێزی سەربازی و وڵات زیاتر بە بێدەنگی دەمێننەوە ، بەاڵم ئەم حەفتەیە مەسەلەکان بە شێوەیەکی جیاوازتر هاتە بەر چاو و تیایدا ژمارەیەک لە گەورە سەرکردەکانی سوپای ئەمەریکا ڕەخنەی تووندیان ئاراستەی دۆناڵد ترەمپ کرد ، هاوکات بەشێک لە کەسایەتیە هەرە بەناوبانگەکانی نێو سەرکردە سەربازیە خانەنشینکراوەکانی ئەم وڵاتە نارەزایی تووندیان بەرامبەر بە بڕیار و هەڵسوکەوتەکانی سەرۆکی وڵات دەربڕی . لەو بارەوە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی دەڵێ : نارەزایی و ڕەخنەی ئەم سەرکردانە شتێکی کەمووێنەیە ، ئینجا چ سەبارەت بەو ژمارە زۆرەی هێرشیان کردۆتە سەر سەرۆک یان ئەو زمانەی ئەوان لە هێرشەکانیان بەکاریان هێناوە . بەرچاوترین ئەو وشە تووندانە لەلایەن ولیام ماکرۆینی سەرکردەی پێشووی کردەوە تایبەتیەکانی ئەمەریکا بوون کە لە ساڵی 2011 سەرپەرشتی هەڵمەتی کوشتنی ئوسامە بن لادنی سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی قاعیدەی کرد .

ئەمە بێ ئومێدی و سەرشۆڕیە

لە بابەتێکدا کە لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی بااڵو کرایەوە ، ماکرۆین گەورە کارمەندی کۆشکی سپی دەستنیشان کرد . بەاڵم ئێستا هەموو ئەو کەسایەتی و ژەنەرااڵنە وازیان لە پۆستەکانیان هێناوە و تەنانەت هەندێکیان بە ئاشکرا دژایەتی ترەمپ دەکەن .

لە نێوان من و ترەمپدا

جیمس ماتیسی وەزیری بەرگری پێشووی ئەمەریکا کە لە مانگی کانونی یەکەمی ڕابردوو دەستی لەکار کێشایەوە ، تا ڕادەیەکی زۆر بێدەنگی نواند ، بەاڵم دواتر ئەویش بێدەنگیەکەی شکاند و لە ئاهەنگێکی خێرخوازیدا لە ئێوارەی ڕۆژی 17ی تشرینی یەکەمی 2019لە ڕێگەی دەربڕینی چەند نوکتەیەکەوە ڕەخنەی توندی ئاراستەی ترەمپ کرد . ماتیس لە وتەکانیدا بە گاڵتەجارپەوە باسی لەو ماوە زۆرە کرد کە ترەمپ لە یاریگاکانی گۆلفدا بەسەری دەبات ، هەروەها نەشیشاردەوە کە چۆن ترەمپ توانیویەتی خۆی لە خزمەتی سەربازی لە ڤیێتنام دوور بخاتەوە ، لەو بارەوە وتی : من لە گۆڕەپانی شەڕەوە پایەکەی خۆم پێ ڕاوە ، بەاڵم سەرچاوەی پێگەکەی ترەمپ لە ڕێگەی نامەی دکتۆرێکەوەیە کە تیایدا بڕیاری داوە ئەو لە خزمەتی سەربازیی ببورێ .

ئەوان لەبەرچی تووڕەن؟

ئەو ژەنەراڵ و کەسایەتیانە لەبەرچی لە ترەمپ تووڕەن و بەم شێوەیە ڕەخنەی ئاراستە دەکەن ؟ ئەمە پرسیارێکە و زۆربەی وەاڵمەکان بەو ئاراستەیەن کە هۆکاری ئەم تووڕەبوونە بڕیارە سەرسوڕهێنەرەکەی سەرۆکی ئەمەریکایە سەبارەت بە کشاندنەوەی هێزە سەربازیەکان لە باکووری سووریا ، بۆ ئەوەی ووسیا ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە .

هەڵەیەکی جیۆسیاسی

ڕۆژنامەی گاردیان دەڵێ: زۆرێک لە ژەنەراڵ و ئادمیرالە ئەمەریکەکان دڵتەنگی و نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە بڕیارەکەی ترەمپ دەربڕیوە ، ئادمیرال جیمس ستافریدیسی سەرۆکی سەرکردایەتی باڵای پێشووی پەیمانی ناتۆ لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەنااڵی MSNBCڕایگەیاند : بڕیارەکەی ترەمپ هەڵەیەکی جیۆسیاسیە و مەترسیەکی زۆر گەورە بەدوای خۆیدا دێنێ و کاردانەوەی ئەم بڕیارە دڕێژخایەن دەبێ و گومان دەخاتە سەر متمانەکردن بە ئەمەریکا وەک هاوپەیمانێک . ئادمیرال ستافریدیس دەشڵێت : مرۆڤ چۆن بە خەیاڵیدا بێ یەک بڕیار ببێتە مایەی بەهێزکردنەوەی داعش و دووبارە سەرخستنەوەی ئێران و ڕێگەدان بە بەهێزترکردنی ڕۆڵی ڤاڵدیمێر پوتن و گێڕانەوەی بەشار ئەسەدی تۆمەتبار بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆ پایەی دەسەاڵت.

ترەمپ کێشەیەکی دیکەی خولقاند

هەمان کەنااڵی تەلەفزیۆنی دیمانەیەکی لەگەڵ باری ماکاڤری ژەنەرااڵی خانەنشینی چوار ئەستێرە و سەرکردەی گۆڕەپانی شەڕ لە جەنگی دووەمی کەندا و ئەنجام دا ، ژەنەراڵ ماکاڤری لە دیمانەکەدا سەبارەت بە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری سووریا وتی : کشانەوە لە باکووری سووریا هیچ شرۆڤە و لێکدانەوەیەک هەڵناگرێ ، پێدەچێ ترەمپ بە تەنیا بووبێتە مایەی بەڕپابوونی تەنگژەیەکی نیشتمانی لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست . لە ڕاستیدا سەرۆک هێزە چەکدارەکانی خستە بەردەم بارودۆخێکی زۆر نالەبار .هاوکات هربرت مکماستەری ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ترەمپ ڕایگەیاند کە بڕیارەکەی ترەمپ دەبێتە مایەی خولقاندنی ناسەقامگیری و گەرمترکردنی شەڕی ناوخۆ لە سووریا و ناوچەکە .

سەرکردە سەربازیە کۆنەکان بیر لە چی دەکەنەوە؟

ئاخۆ سەرکردە سەربازیە کۆنەکانی ئەمەریکا دەربارەی سەرۆکایەتی ترەمپ بیر لە چی دەکەنەوە ؟ دەکرێ وەاڵمی ئەم پرسیارەمان لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی ڕۆژی 16ی تشرینی یەکەمی ڕابردووی کۆشکی سپی لە نێوان نانسی پیلۆسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا لەگەڵ ترامپ دەست بکەوێ . لەو کۆبوونەوەیەدا پیلۆسی بینرا کاتێک پەنجەی لە ترامپ ڕاوەشاند و ئەویش هاواری دەکرد ، دواتر ترەمپ ڕایگەیاند کە خاتو پیلۆسی سیاسەتوانێکی پلە سێیە ، هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ژەنەرال مارک میلی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەش ئامادە بوو . ئەگەرچیش نازانرێ لەو کاتانەدا ئەم ژەنەرالە بیری لەچی دەکردەوە بەاڵم سیمای دەموچاو و جولەی جەستەی زۆر شتی دەربڕی .

مانشێت



سکای نیوز:
لە پێگەیەکی سەربازی ڕووسی لە ناوچەی سایبیریا ، سەربازێکی ڕووسی تەقەی لە ژمارەیەک سەربازی دیکە کرد و هەشت کەسی کوشتن و دووی دیکەی بریندار کرد .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا لە بڕۆکسل ڕازیبوون بە دواخستنی وادەی بڕێکزت بۆ کاتێکی نادیار .



ئیلاف:
لە شاری ڤانکۆڤەری کەنەدا و بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر دڕێخیکردنی وڵاتان سەبارەت بە ژینگە ، بە بەشداری گریتا تونبێرگی چالاکوانی بواری ژینگە ، 10هەزار کەس خۆپیشاندانێکیان ئەنجام دا .



ئەی ئێف پی :
بەرپرسێکی ئەمەریکی ڕایگەیاند ئەگەر تورکیا کار بە سیستەمی بەرگریی ئێس 400ی ڕووسی بکات ، ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە .



بی بی سی:
پۆلیسی بەریتانیا دوو کەسی دیکەی دەستگیر کرد کە پەیوەندیان بە دۆزینەوەی ئەو کامیۆنەوە هەبووە کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر دەستی بەسەرداگیرا و 39تەرمی تێدابوو .



کەنالی ئار تی :
دادگایەکی پاکستانی بڕیاری ئازادکردنی نەواز شەریفی سەرۆکوەزیرانی پێشووی وڵاتی دەرکرد .

فاخیر زوبێر: بەم زووانە بە کۆمەڵێک بەرهەمی جوان دەگەڕێمەوە لای هەوادارەکانم



خەبات: سوڵێن سلێمان

هونەرمەند فاخیر زوبێر لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات دەڵێت:لە ساڵی (1989) لە وڵاتی ئێران لە شاری کەرەج لە دایکبووم ، من خۆم خەڵکی بارزانم ، بەڵام ئێستا بەهۆی سەرقاڵیم بە کاری هونەری چەند کارێکی تر لە هەوڵێر نیشتەجێم، دواتر لە 1995گەڕاینەوە کوردستان، لە ساڵی (2011) دەستم بە کاری هونەری کردوە، یەکەم ڤیدیۆ کلیپی من گۆرانیەک بوو کە پێکەوە لە گەڵ هونەرمەند رێواری برام لە ساڵی (2012) بە ناوی (خۆشم دەوێی) بەڵاومانکردەوە، لەرووی پشگیریەکەیەوە دەڵێت:یەکەم کەس کە زۆر پشتگیریی من دەکات باوکی ئازیزمە، چ لە رووی مادەی بێت یان مەعنەوی بێت ئەو هەمیشە هیواو پشتگیریی من بووە چونکە ئەگەر باوکم نەبا ئێستا من هونەرمەند نەدەبووم، لە پرسیارێکدا کە بۆچی تا ئێستا تەنها بە دوێت لەگەڵ برای رێوار دەرکەوتووە؟

لە وڵامدا دەڵێت: من بەوە نالێم دوێت بەڵکو ئەمە ستایلێکی تایبەت بە ئێمەیە کە پێکەوە گۆرانی بڵێین و پێکەوە دەرکەوین لە هەموو ڤیدیۆ کلیپەکاندا، کە شێوازی خۆم و لەگەڵ ستایلی(Pop)ی براکەم تێکەڵمان کردووە، لە بەرنامەمدا هەیە کە دوێت لەگەڵ هونەرمەندی تریش بکەم ، هەروەها بەرهەمییێکی تر کە کارمان لەسەری کردووە ،گۆرانییەکە تایبەتە بە شەهیدو ئەنفال،کە تێکستەکەی لەلایەن مامم دوە بۆی دانراوە ئاوازەکەشی لەلایەن خۆم دانراوە،هەروەها گۆرانییەکی تریش لە بەرنامەماندا هەیە کە بە دوێت هەر لەگەڵ هونەرمەند رێواری برام کە بە شێوازی ستایلی Pop بڵاوەدەبێتەوە،کە تێکست و ئاوازی لەلایەن خۆمەوە بۆی دانراوە، ئاشکراشی کردو: زۆر سەرسامی دەنگی هونەرمەند "محسوم قورمزی"م کە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تاوەکو ئێستاش گوێی لێ دەگرم، هەروەها زۆر حەز بە ژەنینی ئامێرێی موزیکی ساز دەکەم چونکە لەگەڵ ستایل و شێوازی من دەگونجێت، هەروەها خۆشم ئەیژنم لە پرسیارێکدا کە ئایا دەتوانرێت لە کوردستان هونەر وەک پیشە سەیر بکرێت؟

لەوەڵامدا دەڵێت: لە کوردستان باورناکەم هونەر بۆ هیچ هونەرمەندێک بوبێت بە پیشە، چونکە هونەر بۆ من تەنها حەزو خولیا بووە، نەک وەکو پیشە، چونکە ئێستا هیچ داهاتێکم لە هونەر لێ بەدەست نەهێناوە ،تەنها خۆشەویستی هەوادارەکانم بەدەست هێناوە کە ئەمیش زۆر گرنگە بۆمن، ئاماژەی بەوەش داو دەڵێت: لە بەرنامەماندا هەیە کە ئەلبومێک بڵاوبکەینەوە لەگەڵ رێواری برام کە لە (5) گۆرانی پێکهاتووە (5) گۆرانیان بە زاراوەی بادینی وە (5) گۆرانی تریش بە زاراوەی سۆرانی لە خۆ دەگرێت، گوتیشی؛ ڤیدیو کلیپەکانم بۆ ئەو رووداو باوانەیە کە بەسەر کۆمەڵگاکەماندا هاتووە، لە پرسیارێکدا کە ئایا تا ئێستا هیچ کۆنسێرتێک ئەنجام داوە؟ لە وڵامدا دەڵێت: لە ساڵی (2013) دوو کۆنسێرتمان ئەنجام دا کە یەکێکیان لەشاری هەولێر لە دوکان بە بەژداری چەندین هونەرمەندی ناوداری کورد وەک نازدار و ئەیوب عەلی و چەندانی تر، وە لە داهاتوودا لە بەرنامەمدا هەیە کۆنسێرتێک ئەنجام بدەین لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان،لە بارەی نوێترین کارو بەرهەمەکانی یەوە دەڵێت: دوای مانگی 10 ڤیدیۆ کلیپێکی تایبەت بەخۆم بڵاودەبێتەوە کەلە تێکست و ئاوازی هونەرمەند ئەفشین شوکریە ، لەکۆتایی پەیامەکەیدا دەڵێت: داوای لێبوردن لە گشت هەواداەرکانم دەکەم کە کەم دەردەکەوم ، وە لە دروستکردنی بەرهەمی تازە کەمێک درنگ دەدردەکەوم هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی من دەمەوێت هەمیشە بەرهەمەکانم بە جوانترین شێوە پێشکەش بە هەواداەرکانم بکەم هۆکاری تریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من سپۆنسەرەکانم لە دەست دا وە نەماوە، ئێستا خەرجی گشت ڤیدیۆ کلیپێکەکانم لە ئەستۆی خۆمە ، بەڵام بەوزووانە دەنگی من بە کۆمەڵێک بەرهەمییێکی زۆر جوان دەگەڕێمەوە بەر گوێی بیسەرو گوێگرەکانم.

چاپکراوی نوێ

من و کەرکووک




لەم رۆژانە کتێبی (من و کەرکووک) بە قەبارەی بچووک و 336لاپەڕە لە نووسینی هەرمن ئەحمەد کەوتە بەردیدی خوێنەران، 10لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکە بریتیە لە پێشەکییەکی پڕ زانیاری و شایان بەناوی (وشەچنی) کە تاریخ کاریزی نووسیویەتی، کە رۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی کتێبەکەدا هەیە، هەروەها نووسەر خۆیشی حەوت لاپەڕەی بەناوی پێشەکی نووسەر نووسیوە، جیا لە بابەتەکان کە باس لە چەند مەسەلەیەکی تایبەت بە کەرکووک و کوردستان دەکات، 50لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکە بۆ چەند وێنەیەکی پەیوەندیدار بە ناوەرۆکی کتێبەکە تەرخان کراوە، شایانی باسە کتێبەکە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای میدیایی باسە ، دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

نوێکردنەوە لە شیعری مەدحەت بێخەودا



کتێبی (نوێکردنەوە لە شیعری مەدحەت بێخەودا) بە قەبارەیەکی گەورە و 230لاپەڕە لە نووسینی بەختیار ئەحمەد مەحمود کەوتە بەردیدی خوێنەران، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا پوختەی نامەیەکی ماستەرە کە ساڵی 2014 ئامادە کراوە، نووسەر تیشک دەخاتە سەر تازەگەری و هۆکارەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە نیوەی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی لە شیعرەکانی شاعیری ناودار(مەدحەت بێخەو)دا، کتێبەکە بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا دابەش بووە، بەشی یەکەم:سێ تەوەرە فۆرمەکان،مۆسیقای شیعری و مۆسیقای ناوەوە، بەشی دووەم: ناوەرۆک لە شیعرەکانی بێخەوادا، بەشی سێیەم: تارمایی رێبازە ئەدەبییەکان لە شیعری بێخەودا، بەشی چوارەم: زمان و شێوازی شیعری بێخەو. دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

پەیڤەکان دەدوێن



کتێبی (پەیڤەکان دەدوێن ...خوێندنەوە و رانانی کتێب) بە قەبارەیەکی مام ناوەندی و 236لاپەڕە لە نووسینی سەدیق سەعید رواندزی کەوتە بەردیدی خوێنەران، ئەم کتێبە 28بابەتی لەخۆ گرتووە، کە هەر هەموویان بریتین لە خوێندنەوە و رانانی چەند کتێبێک، ئەو کتێبانەی خوێندنەوەیان بۆکراوە، کتێبی هەمەجۆرن و لە هونەری و ئەدەبی و سیاسی و ..هتد، شایانی باسە، بابەتەکانی ئەم کتێبە ، پێشتر لە چەند رۆژنامەیەک بڵاوکرابوونەتەوە، دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

هاوسەرکەی یەک ملیۆن دۆلاری بەبۆنەی رۆژی لە دایکبوونیەوە پێشکەش کرد



کیم کارداشیان هونەرمەندی دیاری جیهانی ئەمریکی، ئاشکرای کرد کەوا هاوسەرەکەی کە گۆرانیبێژی ناوداری راپی ئەمریکی (کانی ویستە ، بە بۆنەی رۆژی لە دایکبونییەوەو تەواو کردنی تەمەنی (39) ساڵی دیاریەکی بە نرخی پێشکەشکردووە. کیم کارداشیان جەختی کردەوە کە دیاریەکەیان بۆ پرۆژەی خێرخوازی تایبەت بە گیراوەکان تەرخان کردووە. کیم کارداشیان دووپاتیکردەوە کە هەر بەو بۆنەیەوە چەندین دیاری بە نرخی پێشکەشکراوەو ئەویش لەلایەن خۆیەوە بۆ کارە خێرخوازیەکانی تەرخان کردووە.



دروستکردنی پەردەپلاو

ئا: وریشە عومەر

پێکهاتەکانی:

برنج بە پێی پێویست، ڕۆن بە پێی پێویست، ئاو، خوێ، دەرمانی بریانی، سنگی مریشک، کشمیش ، بادام، کاکلە گوێز، شعریە، نان، یان نانی پاقلاوە یان نانی هەورامی، ڕووبە هەنار.

شێوەی دروستکردنی:

پێش هەموو شتێ نانی برنجە کە حازر ئەکەین:

ڕۆن داغ ئەکەین دوایی ئاوی تێ ئەکەین دوایی خوێ ئینجا برنجەکەی تێ ئەکەین لەگەڵ دەرمانی بریانی وڕووبەهە نار ئینجا پێشترسنگی مریشکە کە ئەیکولێنین و سووری دەکەینە و دوایی گوێزو کشمیش و بایام وشعریەکە سووردە کە ینە وە وئینجا ئە یکە ینە ناو برنجە کە وە تا برنجەکە ئەکولێت دوایی مەنجە لێک ئەهێنین نان رائەخەین دوایی بریانیە کەی تێ ئە کە ین ئینجا بە نانە کە دایدە پۆشین وئەیخە ینەناوفڕنەوە لەپێشا ژێرەوەی فڕنەکەدائەگیرسێنین دوای سەرەوەی ئەبرژێنین ئینجا سینیەک ئەهێنین ئەیخەینە سەر مەنجەڵەکەو هەڵی ئەگێڕینەوەو ئینجا ئەتوانی پێشکەشی خۆشەویستانتی بکەیت، ئەمە شێوەیەکی پەردەپلاوە.

ناوچە سەرنجڕاکێشە هونەرییەکەی چین



ناوچەی " "Tienzıfangلە شاری شانگهای لە چین بە نمایشکردنی بەرهەمەکانی کاری دەستی و کەلوپەلی ئەنتیکە و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی سەرنجی گەشتیارانی بیانی و ناوخۆیی بۆ خۆی راکێشاوە. بازاڕی هونەری ناوچەکە کە لە ١٩٩٨ بە کردنەوەی فرۆشگایەکی بچووک لەلایەن کۆمپانیایەکی بواری کولتووریییەوە ناسرا، دواتر بەشێکی زۆر لە شێوەکارە بەناوبانگەکان تابلۆکانیان هێنان و لەوێ نمایشیان کردن، بەمجۆرەش ناوچەکە بووە مەڵبەندێکی کولتووری و هونەری. خانووی کۆن، کافێی کارگەکان، فرۆشگاکانی کاری دەستی، ستۆدیۆ، هۆڵی پێشانگا و فرۆشگای فرۆشتنی کەلوپەلی رازاندنەوە کەشێکی هونەری بە ناوچەکە بەخشیووە. ناوی ناوچەکەش لە ناوی شێوەکاری ناوداری چین ""Tien Zıfangوە هاتوو.



سامسۆنگ دراوی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆی دروست دەکات

وا دیارە کۆمپانیای سامسۆنگ ئیش لەسەر دراوێکی تایبەت بە خۆی دەکات ، ئەمەش لەلایەن چەندین میدیاوە پشتڕاست کراوەتەوە لە ماوەکانی پێشودا.لەمبارەیەوە وێبسایتی CoinDesk Koreaکۆری کە تایبەتە بە هەوالی دراوە ئەلیکترۆنیەکان ڕایگەیاندوە کە چەند هەوالێکیان زانیوە لەنێو کۆمپانیای سامسۆنگ کە خەریکی دروست کردنی دراوێکی تایبەت بەخۆیەتی کە لەوانەیە ناوی Samsung Coin بێت.شایەنی باسە بەپێی هەمان وێبسایت کارەکانیاین هێشتا لە قۆناغەکانی سەرەتایە ، هەروەها لەسەر پرۆژەکۆڵی Ethereumدەبێت.

www.xebat.net
خەبات | یەک شەممە 2019/10/27 ژمارە (5857)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری هەشتەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر دەکات



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: سانی ناسیح

لەکارو چالاکییەکانی رێکخراوی ئەربیل ماراسۆن کەسالانە ئەم رێکخراوە گەورەترین ماراسۆنی نێو دەوڵەتی لەهەولێری پایتەختی کوردستان بۆ هەموو تەمەنەکان لەسەر ئاستی کوران وکچانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات رێکدەخات.

رۆژی هەینی بەروای 25/10لەشاری هەولێر بەبەشداری زیاتر لە 3000هەزار وەرزشوانی نێو خۆیی وبیانی هەشتەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر سەرکەوتووانە بەرێوەچوو، لە ماراسۆنەکەدا ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئارەزوومەندان و وەرزشوانانی وڵاتانی ناوەوە دەرەوەی وڵات بەشداریان تێدا کردبوو، لەنێویاندا رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری ماراسۆنەکەی کرد و توانی ماوەی 4کیلومەتر لەگەڵ بەشداربووانان رابکات.

پێویستە بگوترێ بۆیەکەمین جارە لەماوەی بەرێوەچوونی هەشتەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری بکات ، بێگومان بەشداریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی لەخۆیدا بووە فاکتەرێکی گرینگ و پاڵپشت بۆ هەموو بەشداربووانانی ئامادەبووی ماراسۆنەکەکە داهاتوودا خەڵک زیاتر ئارەزووی بەشداری کردن بکەن، ماوەی ڕاکردنی ماراسۆنەکە بریتی بووله 42کم، 12کم، 4کم .





ئەنجامی کۆتایی ڕاکردنی 42کم لەسەر ئاستی کوڕان:
ئیساک ئەپرۆپ پلەی یەکەم لەوڵاتی کینیا
جەعفەر مورادی پلەی دووەم لەوڵاتی ئێران
عەبدولعەزیز ئەهیندا پلەی سێیەم لەوڵاتی مەغریب

ئەنجامی ڕاکردنی 42کم لەسەرئاستی کچان:
فیهین کیتۆ پلەی یەکەم لەوڵاتی کینیا
ئامال خدر پلەی دووەم لەشاری کەرکوک
کاتیس دوتکۆ پلەی سێیەم لەوڵاتی ئەمریکا

ئەنجامی ڕاکردنی 12 کم لەسەر ئاستی کچان:
فرهناز سدیق پلەی یەکەم لەوڵاتی ئێران
بوشرا رەئوف پلەی دووەم لەوڵاتی ئێران
سارا سالار پلەی سێیەم لەشاری بەغدا

ئەنجامی ڕاکردنی 12کم لەسەر ئاستی کوڕان:
ئەحمەد سوڵتان پلەی یەکەم
زانیار بەختیار پلەی دووەم
مەحمود ئەحمەد پلەی سێیەم

فرسەت سۆفی پاریزگاری هەولێر لەبارەی بەشداریکردنی لەهەشتەمین ماڕاسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر ناوبراو بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکان ڕایگەیاند: ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بەخۆشحاڵیەوە بەشداری لەماراسۆنەکە کرد ، لەپاڵ بەشداری کردنی بەرێزیان خەڵکێکی زۆر بەتایبەتی ئەوانەی کەگیانی وەرزشییان هەیە لەم ماڕاسۆنە بەشداربوون، ئێمە سویاسی ڕێکخەرانی ماڕاسۆنەکە دەکەین کەبۆتە نەریتێکی ساڵانە لەپایتەختی هەرێمی کوردستان بەبەشداری هەموو چین و تۆژەکان بەبێ جیاوازی پلە وپۆست هەموومان پێکەوە لەرۆژەدا ڕاکەین ، ئەنجامدانی ماڕاسۆنەکە خۆی لەخۆیدا پەیامێکی ئاشتی و تەبایی و لەیەکترقبوڵکردنە،ئێمە هەمیشە هانی ئەم جۆرە بۆنەیە دەدەین لەنێو خەڵکی کوردستان پەرە و بایەخیزیاتری پێبدرێت.
لەکۆتایی مەراسیمی ماڕاسۆنەکەدا خەلات ودیاری بەسەر سەرکەوتووان دابەشکرا.





ئیبرا: دەتوانم لە خولی ئیتاڵیا یاری بکەمەوە

زلاتان ئیبرهیمۆڤیچی سوێدی، هێرشبەری یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاکسی ئەمریکی، پێی وایە ، دەتوانێت دووبارە لە خولی ئیتاڵیا یاری بکاتەوە، چونکە خۆی لە هێرشبەرەکانی ئێستای ئەو خولە پێ باشترە. ئیبرا لەبارەی ئەگەری وازهێنانی لە یاریکردن، دوای تەواوی بوونی ماوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ لۆس ئەنجلۆس گالاکسی، لە مانگی کانونی یەکەمی داهاتوودا وتی:"با بزانین، زۆر شت هەیە دەبێت بیری لێ بکەمەوە، یەکێکیان جەستەمە، ئایا هێشتا دەتوانێت ببەخشێت یان نا ؟". هەروەها وتی:"ئەگەر بتوانم بگەڕێمەوە ئیتاڵیا ، هیچ کێشەیەک بەدی ناکەم، من لە هێرشبەرەکانی ئێستای ئەوێ باشترم". زلاتان لە بارەی شێوازی ڕکابەریکردن لە کالچیۆدا وتی:"بەڵای منەوە، یۆڤانتس شتی نایاب دەکات، ئەو سیمبولی تۆپی پێی ئیتاڵیایە ، تیپێکی گەورەیە ، چەندین پاریزانی نایابیشی هەیە". وتیشی:"هەروەها ئینتەریش، ئاستی باش لەگەڵ ڕاهێنەرێکی باش پێشکەش دەکات، ئەوان هەموو هەوڵێک دەدەن". ئەوەشی وت:"تیپەکانی دیکە هەوڵ دەدەن شتێک بکەن، بەڵام لەهەمان ئاستی یۆڤیدا نین، بەڵام پێم وایە ، ئینتەر بتوانێت ڕکابەریی بکات". لەبارەی ئەگەری گەڕانەوەشی بۆ میلان وتی:"من بۆ میلان زۆر بەداخم، سەبارەت بە خۆم دەبوو باشترین یانە بێت و باشترین ئەنجامەکان بەدەست بێنێت و باشترین پاریزانی هەبێت، بەڵام ئێستا شتەکان وا نین". لە بارەی پەیوەندیشی بە کارلۆ ئەنچیلۆتی، ڕاهێنەری ناپۆلییەوە وتی:"پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ کارلۆدا هەیە، ئەو ڕاهێنەرێکی نایابە، بەڵام پێش هەموو شتێک، ئەو کەسێکی نایابە"،هەروەها وتی:" بەختم هەبوو لە پاریس کارم لەگەڵیدا کرد، من دڵتەنگ بووم، ئەو یەک ساڵ مایەوە، دەموست زیاتر بەردەوام بێت، چونکە ئەودەم لە لوتکەی ژیانی پیشەیی خۆمدا بووم، وابزانم بۆ ئەویش هەروا بوو".

ڕەمزی میرەکانی

لە گەڕی یەکەمی خولی تۆپی پێی کوردستان تەنها شەش گۆڵ لەشەش یاری تۆمارکرا

زاگرۆس نانەکەلی

ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 24-10/2019لەتێکڕایی شاروشارۆچکەکانی کوردستان گەڕی یەکەمی خولی تۆپی پێی کوردستان بۆ وەرزی (2019-2020) بەرێوەچوو.

لەکۆی شەش ڕووبەڕووبوونەوە تەنها شەش گۆڵ تۆمارکرا،هەروەها دوو سەرکەوتن تۆمارکرا بۆ پێشمەرگەی هەولێر وسیروانی نوێ،هەروەها چوار یەکسان بوون ڕوویدا،تەنها لەیاری پێشمەرگەی هەولێر وشێروانە سێ گۆڵ تۆمارکرا ولەیاری هەولێر و پێشمەرگەی سلێمانی دوو گۆڵ تۆمارکرا ولەیاری سیروانی نوێ و زێرەڤانی یەک گۆڵ تۆمارکرا،سێ یاریەکەی سۆران و نەورۆز لەگەڵ یاری هەندرێن وبرایەتی ولەگەڵ یاری دەربەندیخان ودهۆک بەبێ گۆڵ یارییەکانیان بەکۆتا هات.



جێگای ئاماژەپێکردنە یانەی پێشمەرگەی هەولێر و سیروانی نوێ خاوەن سێ خاڵن و لەریزبەندی خشتەی یاریییەکانی خولی کوردستانن ویانەکانی پێشمەرگەی سلێمانی و هەولێر لە ریزەکانی سێیەم وچوارەمن،یانەکانی برایەتی و نەورۆز و دهۆک لەریزبەندی پێنجەم وشەشەم وحەوتەمن،یانەکانی سۆران وهەندرێن ودەربەندیخان لەریزبەندی هەشتەم وئەخیرن.

جیمس میلنەری بەڕێوەبەری هونەری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری یانەکەی بە ئەلیکس فیرگسۆنی شوبهاند وەک ئایکۆنی یانەی مانچستەر یونایتد.

ئەگەرچی هێشتا ڕێگایەکی زۆر لەبەردەم کلۆپ ماوە تا بگاتە چێژی ئەو سەرکەوتنەی فیرگسۆن کە لەگەل یونایتد بەدەستی هێناوە، بەڵام لەزۆر شتدا لەیەکچوون لەنێواناندا هەیە، میلنەریش دواکەس نییە کە کلۆپ بە فیرگسۆن دەسبەینێت و پێی وایە لەزۆر شت و هەڵسوکەوتەوە لەیەک نزیکن بەتایبەتیش لە ئەنجامدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی کە هەردووکیان زۆری حەز پێدەکەن، هەروەها میلنەر دەڵێت: کلۆپ ئەو ڕاهێنەرەیە وەک فیرگسۆن هەموو وزەی خۆی بۆ یانەکەی سەرف دەکات و هەرچی لەتوانای دابێت بۆ یانەکەی دەیکات.

هەمووان کلوپ بە فێرگسۆن دەشوبهێنن


بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 27. Oct. 2019 No: (5857)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



ژەنەڕاڵی پاییز.. لە پاییزدا مااڵئاوایی لە شیعر و شارو شەعب کرد

خەبات: حەمە ئەحمەد جاف

تو خوا گەر مردم.. گە لا کفنم بێ.. دەمیشم پرکە ن لە گە لای وە ریوو
تابووت و گۆڕم چڵی پایز بێ و تەرمم مە نێنە ناو خاکی تە زیوو

دوای ئەوەی شاعیری ناوداری کورد محەمەد عومەر عوسمان ناسراو بە (ژەنەڕاڵی پاییز)، لە شەوی سێشەمە ڕێکەوتی ٢٢/١٠/٢٠١٩ لەتەمەنی ٦٢ ساڵیدا لە ماڵەکەی خۆیدا کۆتایی بە ژیانی خۆبهێنا، بەپێی وتەی برایەکی شاعیریش (ژەنەڕاڵی پاییز)لە ماڵەکەی خۆیداو بە پانکەی ژووڕەکەیەوە خۆی هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە سپێشنیوەڕۆژی ڕۆژی چوارشەمە ٢٣/١٠/٢٠١٩ لە سەر وەسیەتی خۆی تابوتەکەی بە گەاڵی زەردی پاییز داپۆشراو، لەگەڵ مۆسیقا و خوێندنەوەی شیعرەکانیدا لە ڕێوڕەسمێکی شایستەی جەماوەریی تایبەتدا بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لەڕۆشنبیران و نووسەران لە گۆڕستانی گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بە خاکسپێردرا.

محەمەد عومەر عوسمان، ناسراو بە (ژەنەڕاڵی پاییز) لە ساڵی 1957 لە گەڕەکی دەرگەزێن لە شاری سلێمانی، لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەرلەوشاردا تەواو کردووە، لە ساڵی 1975 دەستی بەنوسینی شیعرکردووە، لەبەر ئەوەی شاعیر، سەرجەم شیعرەکانی تایبەتن بە وەرزی پاییز و خەزان، بە {ژەنەڕاڵی پاییز} ناسراوە و بەدەیان شیعری لەاڵیەن هونەرمەندانەوە ئاوازی بۆ دانراوەو کراوە بە گۆرانی و تا ئێستا دوو ماستەر لەسەر شیعرەکانی وەرگیراوە لە چوار نامەی دکتۆراشدا وەک سەرچاوەی سەرەکی بەکار هاتووەو شیعرەکانی بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانیشی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی {لەغوربەتا} بااڵو کردۆتەوە.

شایانی باسە، شاعیر لە ژیاندا مابوو، کە پەیکەرێکی شایستەی لە شاری سلێمانی بۆ دانرا..

ئاوێزان عوسمان: ئاسان نییە کچ لەبواری هونەریدا کار بکات، بەاڵم ئەستەمیش نییە و دەبێ ئیرادەی بەهێزبێت

دیمانە: هاوکار کەاڵهوڕی

ئاوێزان عوسمان خانمە هونەرمەندێکی شێوەکارە ، لەسلێمانی لەدایک بوە و لە قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی خولیای هونەری شێوەکاری بووە، لەدەرفەتێکدا بەپێویستمان زانی دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام بدەین، کەبەمشێوەیە وەاڵمی داینەوە.



*** کێ ئاوێزانی شێوەکاری دروست کرد، یان خۆت خۆتت دۆزیەوە؟ کێ بەهێزترین پاڵپشتیتە بۆ هونەرەکەت؟**

خۆم خۆمم دروست کرد و خۆم دۆزیەوە و گرینگیم بەتواناکانی خۆمدا، سۆزەی خوشکم پاڵپشتیەکی زۆر بەهێزم دەکات.

***گەر بیرت بێت یەکەم وێنە چی بوو کێشات؟**

تا ئێستا بەشداری چەند پێشانگات کردۆتەوە؟ هیچ کات خەاڵتت وەرگرتووە؟

بەشداری چەند نمایشێکی هاوبەشی شیوەکاریم کردووە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و چوار خەاڵتی ڕێزلێنانم پێ بەخشراوە.

*** چ شتێک هێزت پێ دەبەخشێت؟**

ئەو کارەهونەریانەی ئەکێشم هەموی بەرکەوتنەکانی ژیانی خۆم و کۆمەاڵگاکەمن، کەسایەتییەکی تایبەت بەخۆمم هەیە ئەوەش وای لێکردوم کۆڵ نەدەم لەبەدی هێنانی خەونەکانم ، زیاتر گرینگی بەوە ئەدەم کەخۆم ئەمەوێت و هەوڵیشی بۆئەدەم.

*** کێ بوون سەختی یان ئاسانکاری بۆکاری شێوەکاریت دروست کردووە؟**

کچ لەبواری هونەریدا کار بکات هیچ ئاسان نییە چونکە بەربەستی زۆری بۆ دێتەپێش، بەاڵم ئەستەمیش نییە ئەبێ ئیرادەی بەهێزبیت و بروای بەخۆی بێت.

*** شێوەکاری چی بە ئاوێزان بەخشیوە؟ ئەی چی لێ سەندیتەوە؟**

هونەری شێوەکاری توانای دەربڕین و بروابەخۆبون و خۆشەویستی بینەری تابلۆکانمی پێ بەخشیوم.

*** پێناسەی خۆت بەیەک وشە بکە؟**

عیناد ، دڵناسک.

*** ئەو ستایلەی ئیشی پێ دەکەی ناوی چییە؟**

سوریالیزم

*** بۆچی سوریالیزم؟**

ئیشکردن بەو ڕێبازە هونەریە جۆرە دەربڕینێکم پێ ئەبەخشێ کە بەوتن بۆم دەرنابڕیت.

*** گرینگترین پەیام بتەوێ بە شێوەکاری بیکێشی چ پەیامێکە؟**

پەیامی ئاشتی.

*** کەی سوریالی لە تۆدا سەری هەڵدا؟**

نازانم سوریالی لەکەیەوە لەمنا دروست بووە زیاتر بینی ژیانی خۆمە و کردوومە بە ئیش و بۆماوەی شەش ساڵە بە سریالی کاردەکەم.


مۆنۆگرافی دکتۆرێکی کوردستانی لە پۆڵۆنیا باڵوکرایەوە

هاوار موڕتکەیی

دەستکەوتێکی تری زانایەکی کوردستانی لە پۆڵۆنیا باڵوکرایەوە، خانەی چاپ و باڵوکردنەوەی زانکۆی پۆلیتەکنیکی پۆزنان کتێبی دکتۆرێکی کوردی بە ناوی حەسەن ڕیفاعی لە ژێر ناونیشانی « تاقیکردنەوەی سیستەمی پاسیڤ دەمپینگ لەسەر ئەو دەرگایانەی بەرگەی تەقینەوە دەگرن» باڵوکردەوە. کتێبەکەی د. حەسەن سەرچاوەی لە تێزی دکتۆراکەی گرتووە کە لە بەهاری 2019 دا بە سەرکەوتوویی بەرگری لێکرد و تێزەکەی بووە جێی سەرنجی چەندین کۆمپانیای پۆڵۆنی و بە یەکێک لە باشترین تێزی دکتۆرای پۆڵۆنیا هەڵبژێردرا.

د. حەسەن پاش تەواوکردنی دکتۆراکەی، لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی پۆزنان وەک یاریدەدەری پرۆفیسۆر دەستبەکاربووە و لە ئێستادا ئامانجی ئەوەیە لەوێ پەرە بە زانستەکەی بدات و هەروەها لەڕێگەی هەماهەنگی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیاوە بەبەکەوە بتوانن بەردەوام بن لە پەرپێدانی پەیوەندییەکان لە نێوان زانکۆکانی کوردستان و زانکۆی پۆلیتەکنیکی پۆزنان.

لای خۆمانەوە وەک نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا پیرۆزباییەکی گەرم لە د. حەسەن دەکەین و هیوایەکی گەورەمان پێیەتی کە لە داهاتوودا کاری گەورەتر بکات بۆ خزمەتی کوردستان و ئێمەش بە هەموو توانامانەوە هەماهەنگ دەبین لە سەرجەم ئەو کارانەی دەکرێت لە پێناو خزمەت گەیاندن بە زانستی کوردستان.



ئامانج لێی پاراستنی ژینگەیە

سلێمانی.. لە فلتەری جگەرە جوانتر تابلۆ دروست کرا



لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی پاک ڕاگرتنی ژینگە و خاوێن کردنەوەی شاردا،کە پێش چەند ڕۆژێک لەڕێگەی تۆڕە کۆمەاڵیەتیەکانەوە لە سلێمانی ڕاگەیەندرا بۆ پاک ڕاگرتن و بەشداری کردن لە پاک کردنەوەی پارکی ئازادی لە فلتەری جگەرە، هەڵمەتێک بەڕێوە چوو. بەبەشداری زیاتر لە 30 چاالکوان و ژینگە دۆست، هەڵمەتی پاک کردنەوەی پارکی ئازادی لە فلتەری جگەرەیان ڕێکخست ، هەڵمەتەکەش زیاتر لە دوو کاتژمێر و نیوی خایاند.دوای ئەوەی فلتەری جگەرەکانی نێو پارکەکە لەاڵیەن 30 چاالکوانی خۆبەخشەوە کۆکرانەوە، نزیکەی 100 بۆشوری تایبەت بە زیانەکانی جگەرە و پاک ڕاگرتنی ژینگە و هۆشیاری ژینگەیی بەسەر ئەو ڕێبوارانەدا دابەش کران کە سەردانی پارکەکەیان کردبوو.دوای بەڕێوەچوونی چاالکیەکە ئەو فلتەرانەی کۆکرابوونەوە لەسەر شێوەی سییەکانی مرۆڤ هێڵکاریەکی لێ دروستکرا، بڕیارە دوای هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، ئەو هێڵکارییە لە پارکی ئازادی هەڵواسرێت ، ئەمەش بۆ ڕێنمایی کردن و دوور خستنەوەی ڕێبواران لە جگەرەکێشان و پیس کردنی ژینگە.چاالکوانی ژینگەیی، گۆران دڵشاد سەعید ناسراو بە گۆرانی نێرگز لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەدا کە لە ماوەی دوو کاتژمێر و نیودا توانیویانە نزیکەی 10 هەزار فلتەری جگەرە کۆبکەنەوە بۆ ڕاگرتنی پاکو خاوێنی شار و گوتی: "دەمانەوێت کارەکە گەورەتر بکەین و چاوەڕێ دەکەین کە لەاڵیەن حکوومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەاڵگەی مەدەنیەوە هاوکاری بکرێین بۆ ئەنجامدانی کار و چاالکی زیاتر کە خزمەت بە ژینگە دەگەیەنێت".

لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی دەربەندیخان

ڕۆزانا فەرهاد خەاڵتی باشترین ئەکتەری کچی بەدەست هێنا



بەرهەم شێخ عزەدین

ڕاگەیاندنی شانۆی هەولێربەخەباتی گوت: شانۆگەری «چەند دیمەنێکی جیاواز » کە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێرە بەژداربوو لەشەشەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی دەربەندیخان، جگە لە بڕوانامەی ڕێزلێنان خەاڵتی باشترین ئەکتەری کچ درا بە ڕۆزانا فەرهاد.

ئەم شانۆگەریە لە نووسین و دەرهێنانی: مەهدی حەسەن، بەڕێوەبەری شانۆ - چاوان خەلیل، جێبەجێکاری میوزیک - هیواعەلی ، ئارایشت - سوهام حەسەن، نواندنی: قاسم نوری، غازی ئەحمەد شینە، ڕۆزانا فەرهاد، سومەیە سەردار.